هاوڕێ باخەوان

# پـڕۆژەی پـارتی نەتەوەیی كـورد

چاپی سێیەم

هەولێر - باشووری كوردستان

له بلاوكراوەكانی رۆژنامەی میدیا ژمارە( ٢٢ )

بوونی پارتی نەتەوەیی هەرچەندە
لەم هەنگامەی ئیستێدا كارێكی زۆر
پێویستە، بەلاّم ئەگەر ئەو پارتە وەك
ئەوە نەبوو كە چاوەڕوان دەكرێت!
دەبێتە هۆی نائومێدیی هەموو هاوبیران و
بەزیانی بیری كوردایەتی دەشكێتەوەو
هەر هیواو نیازی ڕێكخراوێكی نەتەوەییش
كە لەبیركردنەوەی چەند هاوبیرێكی
تردا هەبێت دەكوژێنێتەوە .

كەواتە

(یان هیچ شتێك.. یان كاری ڕێكو پێك)..

هاوڕێ باخەوان

# پڕۆژەی
# پارتی نەتەوەیی کورد

ڕاپۆرتێکی بیری ڕامیارییە کە لە هۆ و مەرجەکانی
هاتنەکایەی پارتێکی نەتەوەی بۆ کورد دەکۆڵێتەوە

**ناوی پەڕتووك:** **پڕۆژەی پارتی نەتەوەیی کورد**
**دانەر:** **هاوڕێ باخەوان**
**پیتشەکی:** **هەژار کامەلا**
**چاپی:** **سێیەم**
**تیراژ:** **٥٠٠ دانە**
**لەبڵاوکراوەکانی:** **میدیا**
**چاپخانە:**

**پێشکەشە بە:**

# عەبدوڵڵا جەوهەر
# فەرەیدوون عەلی ئەمین
# سەعید گەوهەر
# ڕەهبەر جەلال

**سەربازانی ونی کوردایەتی**

## سووپاس و پێزانین بۆ هاوبیرانم

**کاک ئاکۆ محەممەد**
**و**
**کاک هەژار کامەلا**

**کە لەم چاپی سێیەمەدا**
**ئەرکێکی زۆریان کێشا..**

# پێشەکی

**هاوبیرە بەڕێزەکانم..**

*چارەسەرکردنی ئەو پەرتپـــــەرتی و پاشـــاگەردانییەی کوردستان و کورد هەر بە شۆڕشی ڕەوشت و بیری چـلاك و گووفتاری چاك و کرداری چــــاك دێتـــەدی, کـــە ئـــەویش هەردەبێت پارتێکی نەتەوەیی پێی هەڵبستێت.*

*دوا دێرەکانی پڕۆژەی پارتی نەتەوەیی کورد*

## بۆچی پڕۆژەی پارتی نەتەوەیی کورد؟

کێشەی پـــــەیوەندی نێـــوان سیاســـەت و ڕەوشـــت[١] لەمێژووی هزری مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ســـاڵ و بەکۆنترین و توندو تیژترین کێشە دادەنرێت. ئەو کێشەیە بـــە بەردەوامی دەبێتە تەوەری ململانێی سیاسی و تونـــدو تیژتـــر دەبێت بەتایبەتی لەکاتی بزاڤ و ململانێ جەماوەرییـــەکان و ڕاپەڕینە کۆمەڵایەتییەکان. هەرچەندە گرنگی مێژوویی ئـــەو ڕاپەرینە کۆمەڵایەتییە سیاسیانە مەزن بێت ئەوەندە بایـــەخی پەیوەندی نێوان سیاسەت و ڕەوشت زیاد دەبێت.

بڵاوبوونەوەی نەزعەی ناعەقلانی لەفەلسەفە یارمەتیدەر بوو لەسەر بڵاوبوونەوەی ئەو هزرانــــەی کــە پاکانــە بــۆ مکیاڤلیەت لەسیاسەت دەکەن، لەو کاتەی کە جـــۆرج هیگـــل باوەڕی بەوە بوو کە ویستی عەقلانی ویستێکی سروشـــتییە، دەبینین پاڵەوانانی نەزعەی ناعەقڵانی بەدەسپێکردن بە ئەلفرید

١–لەمەڕ ڕەوشت و سیاسەت زۆر سوود لەم سەرچاوەیە وەرگـــیراوە. ا.تیتارنكۆ– الاخلاق و السیاسة– ترجمة شوقي جلال– القاهرة، ١٩٧٥.

شوبنهاور هەوڵیاندا عەقل بگەڕێننەوە بۆ ئامرازە پراگماتی و سوود بەخشەکان کە پەیوەندی بەپێوەرە بەهاییەکانەوە نییە. هەموو ئەم کەسانە ئەوە ڕادەگەیەنن کە سیاسەت هەرێمێکی قەدەغەکراوە لەڕەوشت. جا دواتر بەرهەڵستی نارەوشتی لەسیاسەت یان هەوڵدان بۆ لادانی لەو ڕێگایە بێئاکامە.

چینە چەوسێنەرەکان سوود لەهەڵوەشاندنەوەی ڕەوشتی دەبینن وەکو چەکێك لەپێناو بەرژەوەندییەکانی و هەوڵ دەدات و هەندێك جاریش سەردەکەوێت- بەگەندەڵکردنی ڕەوشتی گەل بەبڵاوکردنەوەی سیفەتە ئاکارییەکانی لەنێو ڕیزەکانی گەل کە خۆی لەبێویژدانی و دارمانی ڕەوشتی و پراگماتی و خۆویستی و گەندەڵی و بەرتیل و درندایەتی و دژایەتیکردنی مرۆڤایەتی بەرجەستە دەکات.

ڕەوشتپەروەرە بۆرجوازییە تازەگەرەکان دوو بنەمای دژ بەیەك لەسیاسەت دەخەنە ڕوو یەکێکیان پاکانەو بیانووی بۆ دێنێتەوە کە دەڵێ ڕەوشت و سیاسەت دژ بەیەکن, ئەو بۆچوونە هیچ نرخێکی نییەو خەڵکێکی هەڵپەرست نوێنەرایەتی دەکەن. بەڵام دووەمیان ڕەخنەگرە و سەرکۆنەی مۆرکی مکیاڤیلیەت لەسیاسەت دەکات لەوانە ئەریك فرووٚم، سارتەر، برتراندرسل و هکسلی، ئەمانە باوەڕیان بەوە هەیە کە نموونە بەرزەکان ئەوەی تایبەتمەندە بەچاکەو دادپەروەری و جوانی دەتوانێت مرۆڤایەتی لەکارەساتی ئەتۆمی یامەترسی لەدابڕانی تەواو لەخەسڵەتی مرۆڤایەتی ڕزگار بکات، ئەو کۆمەڵە فەیلەسووفە مرۆڤ دۆست و ڕەوشت پەروەرە دەرچوون لەو کێشەو توونێڵە تاریکە بەگەڕانەوە بۆ ڕەوشت دەبینەوە کە لەسەر بنەماو بنچینەی مرۆڤایەتی دەوەستێت.

ئەو پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییە سیاسیەی کە ئەوانە خەونی پێوە دەبینن و بانگەشەی بۆ دەکەن ئامانجی ئەوەیە هەڵەو تەناقوزەکانی سەرمایەداری نەهێڵێت بەبێ لەنێوبردنی بنەمای کۆمەڵایەتی و ئابووری.

بۆیە لەسەر ئێمە پێویستە هەوڵی ڕاکردن نەدەین لەزوڵم و ستەمی کۆمەڵایەتی سیاسی داسەپاو لەڕێگای نقووم بـــوون لەخەونی لێکدانـــەوەی ردوشـــتی چونکـــە ئـــەوە هەڵەیـــەو مەترسیداریشـــە لەهـــەمان کـــاتدا، بۆیـــە پێویســـتە خەونـــە ناسکەکانمان لەشوێنی نموونە بەرزەکان دانـــەنێین و دەبێـــت وەکو پلانێکی کاری مێژوویی بەرجەستەدار بێت بـــەئامانجی جێبەجێکردنی ئامانجی سیاسی، هەروەها ئەو بەها پێودرییـــە بەرزانە مەحاڵە جێبەجیٚ بێت و بەهۆی هۆکاری کۆمەڵایـــەتی و مێژوویی هەڵدەوەشێتەوە و بەخێرایی دەتوێتەوە و بزردەبێت ئەگەر جەختی لیٚ نەکرێتەوە و، نابێتە بەشێك لەجوولانـــەوەی مێژوو, بەڵکو بەئاسانی بریسك و باکی ڕەوشـــتی لەدەســـت دەدات هەرچەندە ئاستی پێودرە ویســـتراوەکانی بـــۆ ژیـــانی کۆمەلایەتی سیاسی بەرزبێت. ئەو چارەسەرییە ئەخلاقیەی کە خاوەنەکانیان بایەخی پێـــدەدەن بـــەبیٚ تێگەیشـــتنی ڕووداوە سیاسییەکان و هەلومەرجە هەنووکەییەکان دەبێتە چارەســـەری ناڕەوا بەمانای ئەخلاقیەوە یـــا لەگۆشـــەنیگای بـــەرژەوەندی سیاسی.

دابڕان لەواقعی کۆمەلایەتی سیاسی ڕەوشت دەبات بـــۆ دیدێکی ئەخلاقی ڕووت و دابڕاو لەلێکدانەوەی جیهان و ژیان و خەیاڵێکی نەزۆکی کۆمیدی یا تراجیدی.

لەکاتی خۆیشی هەریەکێك لە کارل مارکس و فردریك ئەنجلز ئاماژەیان بەوە کردبوو کە لێکدانەوەی ڕەوشتی بەسۆز لەسیاسەت و زانستی کۆمەڵناسی قەبوولٚ نییە.

کەواتە جێبەجێکردنی نموونـــە بـــەرزە ئەخلاقییـــەکان لەبواری کۆمەلایەتی سیاسی لەڕێگای خەباتی سیاسی نـــەبێت ناکرێت کە خۆی لەبەها ڕەوشتیەکان و ئاواتـــەکانی گـــەل و زۆرینەی دانیشتوانی جیهان بەرجەستە دەکات.

ڕاو بۆچوونەکانی نووسەری ئـــەم پڕۆژەیـــە لەمـــەڕ ڕەوشـــت لەهـــەندێك خـــالٚ لەگـــەلٚ ڕێچکـــە هزرییـــەکان یەکدەگرنەوەو هەندێك جاریش پێچەوانە دەبێتەوە: نووســـەری

پرۆژە و فەیلەسووفە مرۆڤدۆستەکان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە پێوەری ڕەوشتی دەتوانی مرۆڤ رزگار کات لەو مەینەتی و چەرمەسەرییەی کەتێیکەوتووە، بەلاّم لەمەسەلەی ئامرازی گەیشتن بەو ئامانجە ناکۆکن چونکە نووسەر پێیوایە کە تەنها لەرێگای شۆڕش و خەباتی سیاسی دەتوانرێت بگەینە بەها ڕەوشتییەکان کە لەم خاڵەشدا لەگەڵ هەڵگرانی بیری مارکیزمی- لینیزمی یەکدەگرنەوە ئەگەرچی لەبۆچوونە چینایەتییەکان جیاوازی هەیە لەڕووی پێشەنگ و رابەری جێبەجێکردن و سەرکرایەتی ئەو شۆڕشە و ململانێی چینایەتی.

هەڵبەتە نووسەری پرۆژە بەتەواوەتی دژ بەتێزە هزرییەکانی نووسەرە بۆرجوازیەکانە ئەوانەی پەیڕەوی لەمکیاڤلیەتی سیاسی دەکەن و بانگەشەی داروینزمی کۆمەلاّیەتی دەکەن.
هەروەك دەردەکەوێت خەباتی سیاسی و شۆڕشکردن بە کردەوەیەکی ڕەوشتی دادەنرێت و یەکێکیان ئەویتر تەواو دەکات، نە خەبات و شۆڕش بەبێ بنەمای ڕەوشتی ئەنجام دەدرێت و نە بەها ڕەوشتیەکانیش بەبێ خەبات و شۆڕش ئەنجام دەدرێت.
لەدیباجە و ناوەڕۆك و تەنانەت لەکۆتایی پرۆژەکەش گەلێك جەختی لەسەر بنەما ڕەوشتیەکان کردووە و تێدا گەلێك بنەما و پرنسیب و لێکدانەوەی ڕەوشتی لێکداوەتەوە لەمێژووی گەلی کوردو شۆڕشەکان ئەو هەل و مەرجەی کورد تێدا دەژی بەپاشاگەردانی و داگیرکردن و ژێردەستی و لەنێوبردنی جەستەیی و دەروونی کورد و شەڕی تایبەت لەنێو ئەو بەنێو شۆڕشەدا بکرێت کە لەوەوبەر بەئامانجی ڕزگاری نیشتمانی نەتەوە بندەستەکە هاتۆتە کایەوە.. هەموو ئەمانە بەشۆڕشی رەوشت چارەسەر دەکرێت.

دیارە دەبێت ئەم شۆڕشە ڕێکخراوێکی سیاسی ئەنجامی بدات کە هەڵگری بیری نەتەوەیی بێت بۆ ڕزگاری نیشتمان و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی کــــە خــۆی لـــەپارتێکی نەتـــەوەیی دیموکرات و پێشکەوتووخواز بەرجەســـــتە دەکـــات. لـــێرەدا پرسیارێك زۆر بەگەرمی خۆی دەخاتە روو ئەویش بۆچـــــی پارتی نەتەوەیی کورد؟ کە بێگومان چەندین پرسیاری لاوەکـی تریشی لێ دەبێتەوە وەکو ئەوەی: ئەی ئـــەو هـــەموو حزبـــە نەتەوەییەی سەر گۆڕەپانی کوردستان بەس نییە تاکو حزبـــی تری نەتەوەیش دروست بێت؟ ئەی لەسەردەمی جیهانگیری کە سنووری دەوڵەتان نامێنێت, دەبێت گووتار و پرسی نەتـــەوەیی چ کاریگەرییەکی هەبێت و سوودو دەرئەنجامی چی بێت؟

**لەوەلامی بۆچی پارتی نەتەوەیی کورد دەڵێین:**

لەلاپەڕەکانی پێشووتر ئەوەمان ڕوون کردەوە کە بـــەبێ خـــەباتی هەمەلایەنـــە گۆڕانـــە کۆمەڵایەتیـــەکان و بنـــــەما ڕەوشتیەکان نایەتەدی و گەیشتینە ئـــەو دەرئەنجامـــەی کـــە شۆڕشکردن بــــەمانا فراوانەکـــەی کردەوەیـــەکی ڕەوشـــتییە بەتایبەتی بەگوێرەی میللەتێکی ژێردەستە و چەوساوەی وەکـــو کورد بەکردەوەیەکی گەلێ پێویســـت و ژیـــانی دادەنرێـــت و تەنانەت زۆر پیرۆزیشە، بەڵام ئەمە بەچ ئامرازو شـــێوازێك ئەنجام دەدرێت, ئێمە باوەڕمان وایە ئەمـــە تەنـــها لـــەڕێگای پارتێکی نەتەوەیی دیموکراسی پێشکەوتووخواز دێتە ئاراوە کە ئامانجی ڕزگارکردنی کوردستان و دامـــەزراندنی دەوڵـــەتی کوردی و پەیڕەوکردنی سیستەمێکی دیموکراسی لەدەسەڵات و هێنانەکایەی شێوازێك لەیەکســـانی و دادوەری کۆمەڵایـــەتی بێت. دیارە تاکرەوی شێوازێکی هەڵەیـــە لەچارەســـەرکردنی کێشەی پەرەسەندنی کۆمەڵایـــەتی, هەرچـــەندە خاوەنەکـــەی نەتەوەیی بێت یان نانەتەوەیی، ئاشکراشە حزب ئامانجێك نییە بۆ خۆی بـــەڵکو ئـــامرازێکی پێویســـتە بـــۆ جێبـــەجێکردنی

ئامانجەکان، کە دەبێت ئەو ئـــامرازەش گونجـــاو بێـــت بـــۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکان.

زۆر گرنگە ئەوەش بگووترێـــت کـــە تـــا رۆژگـــاری ئەمڕۆمان گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و زانستی ڕێکخراوەکـــان نەیتوانیوە سیستەم و ڕێکخراوێکـــــی گرنگـــترو کاریگـــەرتر لەحزب بێتە بەرهەم بۆ جێبەجێکردنی ئەو هەموو مەبەســت و ئارمانجە، بۆیە حزب بەگرنگترین یەکەی ڕێکخراوەیی سیاسی دادەنرێت، بەتایبەتی لەولاتانی وەکو کوردستان و ناوچەکە.

لەبەرئەوەی کێشەکەمان نەتەوەییـــە، چارەســـەرکردنی ڕاستەقینەشی بەبێ توانای نەتەوەیی و هێزی نەتەوەیی نەبێت ناکرێت لەچوارچێوەی چارەنووسی نەتەوەیی. (جـــا لەبـــەر ئەوەی واقعـــــی کۆمەڵایـــەتی بابەتیانـــە دیـــاریکراوە بۆیـــە چارەسەری ڕاستەقینەی هەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بابەتیانـــە دیاریکراوە)(٢).

لەژێر رۆشنایی ئەو ڕاستییەی سەرەوە هەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی یەك راستی هەیە هەر چەندە تێگەیشتنی خـــەڵکی لەبەرامبەری جیاوازبێت و سەرەڕای مـــەودای دەرککردنـــی خاوەنەکانیان بۆ ڕاستییەکەی، هەر کێشـــەیەکی کۆمەڵایـــەتی تەنها یـــەك چارەســـەری ڕاســـتەقینەی هەیـــە لـــەواقعێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو لەوانەشە زیاتر لەچارەسەرێکی هەڵـــە یان کەموکوڕ یا زێدەڕۆ یان دژبەیەکی هەبێت کە خاوەنەکەی هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات بەڵام نووشست دێنێت، بـــەڵام چارەسەری ڕاستەقینەی دەبێت هەر یەکێك بێـــت بـــەحوکمی ئەوەی کەواقعی کۆمەڵایەتییەکەیە.

---

٢-لەتێزە نەتەوەییەکان سوود لەهەر حەوت بەرگی ئـــەم ســـەرچاوەیە وەرگیراوە:
د.عصمت سيف الدولة- نظرية الثورة العربية- دار الســـيرة بـــيروت. الطبعة الاولى- ١٩٧٩.

لەوەلامی پرسی نەتەوە و نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری لەسەردەمی جیهانگیری زۆر بەکورتی دەڵێین: ئەو جیهانگیرییەی ئەمریکا بانگەشەو کاری بۆ دەکلت بریتییە لەداسەپاندنی سیستەمی ئەمریکی بەلایەنە خراپ و نێگەتیڤیەکانی بەسەر گەلانی جیهان **(واتە بە ئەمریکاییکردنی جیهان)** کە جۆرێکە لەجۆرەکانی کۆلۆنیالیستی بۆیە ململانێی ئەمڕۆ لەنێوان گلۆبالیزم و لۆکالیزمە، کە دەکرێت بەبێ دوو دڵی بڵێین نەتەوایەتی بەمانا فراوان و سروشتییەکەی زیاتر لەجاران مۆرکێکی شۆڕشگێڕی و پێشکەوتووخوازی و مرۆڤایەتی بەخۆیەوە دەگرێت، جا چ جای میللەتی کورد کەسەدان ساڵە ڕووبەڕووی دژوارترین هەڕەشە و دڕندەترین شالاوی جینوساید دەبێتەوە.

بەرژەوەندی میللەتان لەسەر یەك هێڵ و ئاراستە ناڕوات و جیاوازە، ئەوەی بۆ میللەتێك چاکە لەوانەیە بۆ میللەتێکی تر خراپ بێت و بەپێچەوانەشەوە, هەروەها لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تریش دەگۆڕێت، لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییە کورد باشتر لەکێشەکانی خۆی دەگات و ئازارو مەینەتی و کارەساتی زۆری پێوە دیوە, بۆیە دەبێت بەخۆی جۆر و شێواز و ئامراز و ئیدیۆلۆژیای خۆی بۆ خۆی دیاری بکات و نابێت خۆی ببەستێتەوە بەبانگەشە و سیاسەتی دەرەکی بێگانە کە ئەمڕۆکە بەنێوی جیهانگیری دەیسەپێنن بەسەر میللەتانی جیهان کە جۆرێکی تازە و مۆدێرنی کۆلۆنیالیستییە، ئەمەش بەهیچ جۆرێك ئەوە ناگەیەنێت کە سوود لە کەلتووری هزری مرۆڤایەتی و پێشکەوتنی و تەکنەلۆژی و لایەنە باشەکانی خودی جیهانگیری وەرنەگرین بەڵکو بەپێچەوانەوە پێویستە زۆر چالاکانە مامەڵە لەگەڵ ئەو هۆکارە پۆزەتیڤانە بکەین.

جا بۆیە پرسی نەتەوەیی بەگوێرەی کورد پرسێکی ژیانی و چارەنووسسازە و گرنگیەکی مەزن و ناوەڕۆکێکی مرۆڤایەتی و دیموکرات و پێشکەوتووخواز و مۆدێرنی هەیە.

دەربارەی حزبەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان و ئـــەو هەموو بەنێو حزبە نەتەوەییەی کوردســـتان، زۆر بـــەکورتی دەڵێین ئەو حزبانە خاســـیەتەکانی حزبـــی نەتـــەوەییان تێـــدا بەرجەستە نابێت و (تەنانەت زۆربەشیان حزب نین بـــەمانای وشە) کە دەکرێت لەم چەند خاڵە دەریان بڕین:

١-ئەو حزبانە هەڵگری تێورێـــك نیـــن (مەبەســـت لەتێورێك کە هەڵقوڵاوی واقعی کوردستان بێت) کـــە پاکانە بۆ مەبەســـت و ئامانجـــەکانی بکـــات، بـــەڵکو پەیڕەوی هزرو فەرمانەکانی سەرکردەکانی دەکەن.

٢-ئەو حزبانە دیموکراتی نین.

٣-بەشێوەی هەرێمچیایەتی یا ناوچەگەری و تەنانـەت خێڵەکیش دابەش و دارێژراون.

٤-ئەمە بێجگە لەپاشکۆیەتی هـــزری و ئـــابووری و سیاسی ئەو حزبانە بۆ هێزی بێگانەی دەرەکی.

دیارە ئەو حزبەی ئێمەو نووسەر مەبەستمانە تەنها نـــاو وتایتڵ و دوکانێکی سیاسی و ژمارەیەکی تر نییە کە بخرێتـــە سەر لیستی حزب و رێکخراوەکانی سەر گۆڕەپانی سیاســـی کوردستان کە ئەمڕۆکە جەماوەر هیچ بایەخێکی پێنادا و بەڵکو بەچاوی گومان و تەنانەت سووکیش تەماشایان دەکـــات کـــە بوونەتە هۆکارێکی گرنـــكَ و کاریگـــەر لـــەواقعی پارچـــە چارچەیی و ناکۆکی و شەڕی ناوخۆ و دارمانی کەســـایەتی کورد و مەینەتی خەڵکی کوردستان، بەڵکو ئەو حزبەی لـێرەدا مەبەستمانە لەو جۆرە حزبانەیە کە لەسەر بنەمای ئیدۆلۆژی و ئامـــانجی درێژخایـــەن دادەمـــەزرێ کـــە لـــەپاڵ خـــەباتی سەربەخۆیی و رزگاری نیشتمانی تێدەکۆشێ بـــۆ گـــۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و سڕینەوەی هەموو ئاکامە خراپەکانی حزبایەتی لەکوردستان و قوتـــارکردنی لەبازنـــەی شـــوومی شۆڕش- شکست- شۆڕش. ئەگـــەر کارەکـــە بـــەو نیـــاز و

مەبەستە نەبێت ئەوە نەکردنی زۆر چاکترە و دەتوانین بڵێیـــن کوردایەتیشە، جا مەسەلەکە بەم شێوەی خوارەوە دەبێـــت یـــا ئەوەتە هەبێ بەو جۆرەی لەسەرەوە باسکرا یا نەبێت کـە زۆر چاکترە.

هەنووکەش دێینە سەر باسی ناوەڕۆکی چەند بنـــــەماو چەمکێکی پڕۆژەکەو بەکورتی تیشکیان دەخەینـــە ســـەر کـــە لەوانەیە شوێنی پرسیارو گفتوگۆ بێت بەمەبەستی جەخت لـــێ کردنەوەیان و ڕوونکردنەوەیان و رەخنە لێ گرتنیان:

## * دەربارەی ئیدۆلۆژیا

لەم پروژەیەدا زۆر جەخت لەسەر ئیدۆلۆژیا کراوە لەو دەمەی کە خەڵکانێکی زۆر باس لەنەمانی ئیدۆلۆژیا و تەنانەت جاری مردنیشی دەدەن، جـــا لـــەو حاڵەتـــەدا دەبێـــت ئـــەو ئیدۆلۆژییەی نووسەر بانگەشەی بۆ دەکات دەبێت چ ســـوود و دەرئەنجامێکی بۆ کورد هەبێت؟

لەمەوپێش ئەوەمان ڕوون کردبۆوە کـــە کێشـــەکەمان نەتەوەییە و چارەسەری ڕاستەقینەی بە توانای نەتـــــەوەیی و هێزی نەتەوەیی نەبێت نـــاکرێت. جـــا بۆیـــە ئیدۆلۆژییـــای نەتەوەیی کورد (کوردایەتی) کە هەڵقوڵاوی واقعی کۆمەڵگەی خۆمانە بەپەیڕەوکردنی میتۆدێکی زانستی دیالیکتیکی مرۆیـــی بەگونجاوترین و چاکترین ئامراز دادەنرێـــت بـــۆ گەیشـــتن بەئامانجەکانی پارتی نەتەوەیی کە خـــۆی لـــەرزگارکردن و یەکگرتنـــەوەی نیشـــــتمان و گۆڕانـــــی کۆمەلایـــــەتی و پێشکەوتووخوازی دا دەنوێنێت.

ئەو ئیدۆلۆژییەی کە نووسەر مەبەستێتی ئەو ئیدۆلۆژییە نییە کە لـــەچوارچێوەی سیســـتەمێکی جێگـــیرو نـــەبزۆك و دیاریکراو ڕەها لەقاڵب درابێت کە بەخێرایی ئەو ئیدۆلۆژییـــە بکاتە باوەڕێکی دۆگمای دابڕاو لەڕێرەوی گۆڕانکارییـــەکان و بێبەشبوون لەدیدێکی تازەی بەردەوام لەژیان و واقع، بـــەڵکو

ئەو ئیدۆلۆژییە کە دەکرێت لەزەمینەی واقیعدا و لەماوەیەکی مێژوویی دیاریکراو ڕۆڵێکی شۆڕشگێرانە ببینێت کە بەخەباتی خۆی پاڵپشتی لەبوونی خۆی بکات لەپێناو ئاسوودەیی و پێداویستی مرۆڤ، بەلاّم ئەو ئیدۆلۆژییە لەئاکامدا کۆتاییان پێدێت بۆ ئەوەی ئیدۆلۆژییەکی تر جێگای بگرێتەوە لە سیستەمێکی هزری مۆدێرنتر و پێشکەوتوو تر. بۆیە دەگوترێت شۆڕشگێرەکان ئیدۆلۆژییان نییە، بەلاّم بە بەردەوامی میتۆدێکی گەشەکردووی دیاریکراویان هەیە.

دیارە هیچ جوولانەوەیەکی شۆڕشگێری بەبێ میتۆدێکی شۆڕشگێری ئەنجام نادرێت هەروەکو لینین دەڵێت، لێرەشدا نووسەر لەگەڵ مارکسیەکان هاوڕایە.

هەروەها لەمەڕ پەیڕەو و پرۆگرامی پارتی نەتەوەیی کە نووسەر دەڵێت دەبێت لە پاشەرۆژدا ببێتە بنەمای دەستووری دەوڵەتی ئایندەی کوردی مەبەست ئەوەیە کە ئەو بنەماو پرنسیپە سەرەکیانەی ئەو پارتە ببێتە هەوێنی دەستووری دەوڵەت و هەندێك بنەما بەبێ دەستکاری بمێنێتەوە وەکو بڕوانامەیەکی بالاّ هەر وەکو چۆن بڕیاری سەربەخۆیی ئەمریکی ١٧٧٦ بووە بنەمای دەستووری ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە تائەمرۆ کار بە بەندەکانی دەکرێت و بەبێ دەستکاری ماوەتەوە، یا پرۆتۆکۆلەکانی بیرمەندانی زایۆنی کە تا ئەمڕۆ بە بەڵگەنامەیەکی گرنگی جوولەکە دادەنرێت یا مانیفێستی بەنێوبانگی ١٨٤٨ی مارکس و ئەنگلز بووە سەرچاوەی سەرەکی هەرچی پارتی کۆمۆنیستی دونیا هەیە..

## * دەربارەی قۆناغی ڕزگاری نیشتمانی و ململانێی چینایەتی.

تا ڕۆژگارێکی نزیك پەیوەندی نێوان خەباتی نەتەوەیی و ململانێی چینایەتی مشت و مڕێکی زۆری لەسەر دەکرا ئەگەرچی ئەمڕۆکە ئەو کێشەو باسە زۆر کەمتر باسی

لێدەکرێت و خاو بووەتەوە بەڵام پێشبینی ئـــەوەی لێدەکرێـــت لەداهاتوودا سەرلەنوێ گەرم و گوڕبێتەوە.

هاوبیرانی ململانێی چینایەتی ئەو ململانێیە بە ململانێی سەرەکی دەزانن و لەگۆشەنیگای ئەو خەباتەش چارەســـەری مەسەلەی نیشتمانی و نەتـــەوەیی دەکـــەن کـــە بـــەقۆناغێکی مێژوویی گەشەکردنی دادەنێـــن کـــە قۆنـــاغی بورجوازییـــە بەپێچەوانەی ئەوان هـــاوبیرانی بـــیری نەتـــەوەیی خـــەباتی نەتەوەیی بەخەباتی سەرەکی دادەنێـــن بەتایبـــەتی لـــەقۆناغی رزگاری نیشتمانی کە سەرجەم چین و توێژەکان لەمەترســـی لەنێوبردنی جەستەیی و دەروونیدان و شـــکۆی نەتـــەوەیی و تەنانـــەت بـــــەرژەوەندی ئـــابووری دەوڵەمـــەندەکانیش لەهەڕەشەدایە. هەر بۆ ڕاستی ئەم بۆچوونە نموونەی کـــوردە فەیلییەکان دەهێنینـــەوە کـــە بەشـــێکی زۆریـــان پـــارەدار و بۆرجوازی بەغدا بوون بەگیرفانی بـــەتاڵ و بـــەپێی پـــەتی ئاوارەی ئێران کران و لـــەتاوانی کیمیابـــارانی هەڵەبجـــەش هەموو خەڵکەکەی بەگەورە و بچووك و هەژارو دەوڵەمـــەند تیرۆرکران، لە لۆژیکی داگیرکەراندا هەموو چین و توێژەکان بەیەك چاو سەیر دەکرێن و دوو بەرە هەیـــە بـــەرەی خـــۆ فرۆشان و بەرەی نیشـــتمانپەروەران، لـــەقۆناغی رزگـــاری نیشتمانیدا پرسی نەتەوەیی بەپرسی ســـەرەکی دادەنرێـــت و ململانێی چینایەتی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەپرسی لاوەکـــی پلە دوو دادەنرێت، بەڵام ئەوەش ئـــەوە ناگەیـــەنێت کەپشـــت گوێخرێت و بەلاوەنرێت لەبەر ئـــەوەی کێشـــەی چینایـــەتی ڕاستییەکی کۆمەڵایەتی بەرچاوە و نکوڵی لێناکرێت لەهـــەموو قۆناغە جیاجیاکانی گەشەســـەندنی کۆمەڵایـــەتی ئەگـــەرچی لەقۆناغی رزگاری نیشتمانی تایبەتمەندی خۆی هەیە هەروەکو روونمان کردەوە، لێرەدا دەبێت بەرنامە و پرۆگرامی پـــارتی نەتەوەیی بایەخی شیاو و پێویست بەمەســـەلەی چینایـــەتی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی بدات و هەوڵبدات ببێتە خاوەن تیـــۆر و قوتابخانەیەکی سۆسیالیزمی کوردی بـــۆ ئـــەم مەبەســـتەش

دەکرێت تێزەکانی مامۆستا **جەمال نەبەز** کـــە بـــەگرنگترین و پێشەنگترین هەوڵ دادەنرێت لەمەڕ قوتابخانەی سوســـیالیزمی کوردی بەرچاو وەرگـــیرێت وەکـــو پڕۆژەیـــەکی گـــەورە لەچوارچێوەی تیۆری شۆڕشی کوردی.

جێگای باسە ئەو لایەنە کەمتر لە پڕۆژەکـــــە بایـــەخی پێدراوە بەهۆی ئەوەی کە نووسەر بایەخی بەقۆناغی رزگاری نیشتمانی داوە، بۆیە دەبێت خەمخۆران و هاوبیرانی نەتەوەیی زیاتر بایەخ بەو لایەنە گرنگە بدەن و ئەو کەلێنە پڕ بکەنەوە.

## * دیموکراسی و پێشکەوتووخوازی و عەلمانی

ئـــەو چەمکانـــەی ســـەرەوە بـــەگرنگترین ڕەهـــەندی کۆمەلایەتی سیاسی دادەنرێـــــن. دیموکراســـی –بـــەگوێرەی دیالیکتیکی مرۆڤ– بنچینەی شـــێوازو ئـــامرازی کۆمەڵگـــە ئازادەکانە لەچارەسەرکردنی کێشـــەکانیان. واتـــە ئـــامرازی کۆمەڵگە ئازادەکان لەگەشەکردن لەســـــەر بنچینـــەی یاســـای دیالیکتیکی کۆمەلایەتی– ئازادی باوەڕ بۆ هەمووان، ئـــازادی ڕا بۆ هەمووان، کارکردنی هەمووان لەجێبـــەجێکردنی رای زۆرینە.

لـــەدیالیکتیکی مـــرۆڤ، ئـــادەمیزاد بەگـــەورەترین و کاراترین ڕەگەز دادەنرێت لەژیاندا و ســـەرچاوەی بـــوون و دەسەلاتە، لەڕوانگەی ئەو ڕاستییەوە نووسەر زۆر بـــــەزەقی جەختی لە ئـــــازادی و سەربەســـتی و مـــرۆڤ کـــردووە و زەوتکردنی لەلایەن هەر دەستە و حزب و کەسێکی بەکارێکی ناڕەوا و دژ بە سروشتی مـــــرۆڤ دانـــاوە بۆیـــە بەهـــەموو شێوەیەك دژایەتی لەقاڵبدان و بەڕۆبۆتکردنی مرۆڤ دەکات و هەرکاتێك حزب و سەرکردەکانی هەوڵی ئـــــەوەیاندا دەبێتـــە کارێکی ناڕەوشتی و پێویستە شۆڕشی لەسەر بکرێت و، ئـــەو پەیوەندییەی کە لەنێوان تاکەکان و دەسەلاتدا هەیـــــە دەبێـــت لەشێوەی پەیمانی کۆمەلایـــــەتی بێـــت و کـــاتێك لایـــەنێك

دەستدرێژی دەکاتە سەر ئەو پەیمانـــە دەبێــت بەربــەرەکانی بکرێت و دژایەتی بکرێت و تەرازووەکە هاوسەنگ بکرێتەوە. پێشکەوتوو خوازیش یەک مانای هەیـــە ئــەویش کۆمەڵگــە پێشدەکەوێت لەمیانی جووڵە کردن لە ڕابردوو بــۆ داهــاتوو بەگۆڕانێکی دیالیکتیکی واتە لەڕێگای گەشەکردن و داهێنـــان. ئاشکراشە چەمکی پێشکەوتووخوازی بەگوێرەی کات و شـوێن دەگۆڕێت، پێشکەوتووخوازیش لەهەر کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو و لەکاتێکی دیاریکراو یەک مانای بابەتی هەیـــە بــەحوکمی ئەوەی کە چارەسەری ڕاســـتەقینەی کێشــەکانی گــۆڕان و گەشەکردن لەکۆمەڵگەیەکی دیاریکراو بەشـــێوەیەکی بابـــەتی دیاریکراوە بـــەخودی واقعـــی کۆمەلایـــەتی. لەبەرئـــەوەی چەپخوازی بەمانا و ناوەڕۆکی باوی بـــەمانای پێشـــکەوتوو خوازی دێت، بۆیە ئەمڕۆکـــە چـــەپخوازە پێشـــکەوتووەکان لەکۆمەڵگەکەمان هەر ئەوانەن کە خەبات دەکەن بۆ ڕزگـــاری کوردستان و هێنانە کایەی دەوڵەتێکی یەکگرتووی دیموکراتـــی یەکسانی خواز لەلای ڕاستیشیان کۆنە پەرستەکانن.

دەربارەی علمانیەتیش چەمک و ئـــامرازێکی گرنگـــە دەبێت پارتی نەتەوەیی بەڕاشکاوی بانگەشەی بـــۆ بکـــات و هەوڵی پەیڕەوکردنی بدات بەرەچاوکردنی ئەو ڕاستییەی کـــە علمانیەت ڕێچکە و ئامرازێکی کۆکەرەوەیە لەوەی جیا کەرەوە بێت و دەتوانێت سەرجەم ئـــایین و مەزهـــەب و باوەڕەکـــان لەژێر سایەی خۆی کۆکاتەوە، ئەگەرچی ئەمڕۆکە گوتـــارێکی ئایینی سەلەفی هەیە و دەیـــەوێت ڕێـــرەوی کۆمەڵگەکـــەمان بگەڕێنێتەوە سەدان ساڵ بەر لەئێستا.

دیارە مەبەستیش لەعلمانیەت جیاکردنەوەی ئایینە لـــەدام و دەزگای دەوڵەت و ڕزگـــاربوون لەخـــەیاڵی ڕابـــردوو و دۆگمای ڕۆشنبیری، هزری علمانیـــەت بـــەهیچ شـــێوەیەک دژایەتی هیچ ئایین و مەزهەبێک ناکات و لایەنگری لایـــەک دژی لایەکەی تر ناکات بـــەڵکو بەپێچەوانەشـــەوە ســـەرجەم

هاوڵاتیان تەواوی سەربەستیان هەیە لەپەیڕەوکردنی ڕێوڕەسم و تقوسی ئایینی خۆیان، مێژووش سەلماندوویێتی توندوتیژی و قەدەغەکردنی بیروباوەڕی ئایینی کاردانەوەی پێچەوانەی هەیە و چارەنووسی نووشستییە، سیاسەتی سۆڤیەت و ئەتاتۆرك لەم بارەیەوە باشترین نموونەی ئەو بۆچوونەی سەرەوەن.

## * کاژیك و پاسۆك

لەو پرۆژەیەدا ڕووپێویێکی فراوان و چـــاك بـــۆ دوو پارتی سیاسی، کاژیك و پاسۆك تـــەرخانکراوە، وەکـــو دوو پارتی نەتەوەیی، ئەمەش کارێکی سروشتییە بەتایبـــەتی کـــە خەباتی ئەم دوو پارتە ئەوە هەڵدەگرێت کەبایـــەخی شـــیاوی خۆی پێبدرێت چونکە زانیاریەکی ئەوتۆ لەبەردەست خـــەڵکی نییە لەبارەیانەوە و ئەو دوو حزبە نـــەیانتوانی ببنـــە حزبـــی جەماوەری و لەقۆناغێکی مێژوویی دیـــاریکراویش نـــەمان.. توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی و بابەتی دەربارەی ئەو دوو حزبە سوودی زۆری دەبێت بۆ هەموو لایـــەك بەگشـــتی و هاوبیرانی بیری نەتەوەیی بەتایبەتی، جێگای خۆیەتی ئامـــاژە بەو ڕاستییە بکەین کە ئەو هاوبیرانەی لە کـــاژیك کاریـــان کردووە پێیان وایە کە کاتی ئەوە نەهاتووە باس لـــەڕابردوو و خەباتی خۆیان بکەن وەکو ئەوەی ئەو کارە کەهنوتیەت بێت و نابێت بێجگە لە خۆیان کەس نزیکی کەوێتەوە و شتیان دەربارە بزانێت!؟

بەڕای ئێمە دەبێـــت نەتەوەییـــەکانی کوردســـتان زۆر بەڕاشکاوی بوێرانە پەردە لەسەر ڕاستییەکان لادەن و بـــیر و بۆچوونەکانی خۆیان بە ئازادانە و بابەتیانـــە بخەنـــە ڕوو و ڕەخنە لەخۆیان بگرن و ئەگەر بەر پرســـیارییەتی کەســـەکی خۆیان و یا هەر یەکێکی تر هەبێت (کە بێگومان هـــەردەبێت هەبێت کەم یا زۆر) دەستنیشانی بکەن چونکە ئەمە بەئەرکێکی مێژوویی و ئەخلاقی دادەنرێـــت وەســـتاندنی چالاکییـــەکانی

کـــاژیك لــــــه ١٩٧٤ و هەڵوەشـــــاندنەوە و حـــــەلکردنی شەرمەزارانەی پاسۆك له ١٩٩٢، دوو خاڵی زۆر گەوهەرین كه دەبێت بەدرێژی و بابەتیانه هەڵوەستەی لەسەر بکرێت.

وەنەبێت مێژووی کاژیك و پاســـۆك هـــەر لایـــەنی نێگەتیف و خراپی زاڵ بووبێت بەسەریدا بەڵکو ئەو دوو حزبه خاوەنی ئەو شانازییەن كه لەناو واقعــــی کـــوردی خۆمـــان سەریان هەڵدا و هاتنه کایەوە و کلکایەتی فکری و ئابووری و سیاسی و سەربازی بۆ هیچ هێزو دەوڵـــــەتێکی داگیرکـــەری کوردستان نەکردوو و خاوەنی تێزو بـــیردۆزی ئـــەوەن كـــه کوردستان وڵاتێکـــی داگـــیرکراوە و کۆلۆنیالییـــه و هـــەوڵی دروستکردنی قوتابخانەی سوســـیالیزمی کوردیشـــی بـــەجدی داوە..

## * پـــارتی نەتـــــەوەیی و دەســـەلات و، چـــەند چەمك و ڕوانگەیەك

دیاره ئامـــانجی ســـەرەکی هـــەر حزبێـــك گەیشـــتنه بەدەسەلات. لێرەدا جێبەجێکردنی ئەو ئامانجـــــه بـــۆ پـــارتی نەتەوەیی گرنگ و تایبەتی خۆی هەیه لەپێناو گەیشـــــتن بـــه ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان، بۆ گەیشتن بەدەسەلاتیش لـــەو پڕۆژەیەدا ئامرازەکان دیـــــاریکراوە كـــه بریتیـــن لـــەهێزی ئیدۆلۆژی و هێزی ماددی كه بەچڕو پڕی خراوەتـــــه ڕوو و تاووتۆکراوە.

لەپاڵ ئەمانەش باس لەچەندین بنەماو ڕوانگەی پـــارتی نەتەوەیی و ستراتیژی نەتەوەیی و بنچینـــــەی جـــەماوەری و ئەندامان کراوە و بەدیدێکی تازە و بابەتی چـــەندین پرســـیار دەوروژێنێت و وەڵامی زۆربەشیانی داوەتەوە. داوای دانـــلن و گۆڕین و هەموارکردنی زۆر چەمك و میکانیزمی کـــــردووە

وەکو خەباتی چەکداری- ڕاگەیاندن- دام و دەزگا و دامەزراوی نەتەوەیی- ئافرەت- ڕابەری نەتەوەیی- حزبی پێشڕەو- بەرە-لۆبی کورد- گفتوگۆ- پەیوەندی دەرەکی و ناوەخۆیی- زمان و چەندان چەمك و باسی تر.

لەهەندێك حاڵەتیشدا هزری دواڕۆژی و خەیاڵی لەپڕۆژەکەدا هاتووە کە ئەمەش زۆر گرنگە بۆ پڕۆژەی هەر حزبێکی زیندو و پێشکەوتووخواز.

**بەکورتی:**

ئەو پڕۆژەیەی بەردەستمان سەرجەم هێڵە گشتییەکانی هزری نەتەوەیی لەخۆ دەگرێت کە لەڕاستی پەیوەنداری نەتەوەیی یەك میللەتی کورد وەکو بەهێزترین و گرنگترین پەیوەنداری دەست پێدەکات و خەریکی توێژینەوەیە لەواقعی ئەو میللەتە لە ژێردەستەیی و پارچە پارچەیی و دواتر لەبەڵگە هێنانەوەی بوونی وەکو یەکێتییەك و ڕزگارکردنی پارچە داگیرکراوەکانی و یەکگرتنەوەیان دەکۆڵێتەوە و هەروەها لەپێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و دیاریکردنی ڕۆڵی لەجیهان دەکۆڵێتەوە لەمیانەی ئەو دەربڕینەی سەرەوە دەکرێت ڕەهەندەکانی ئەو هزرە لەم چەند خاڵەی خوارەوە کورت بکرێتەوە:

**١-ڕەهەندی پەیوەنداری کورد.**
**٢-ڕەهەندی ڕزگاریخوازی.**
**٣-ڕەهەندی یەکێتیخوازیی.**
**٤-ڕەهەندی کۆمەڵایەتی.**
**٥-ڕەهەندی هاوچەرخی.**

لەکۆتایشدا دەڵێین ئەو نووسینە هەر وەکو لەناوەکـــەی هاتووە پرِۆژەیە و دەرئەنجامی ئەزموون و خوێندنەوەو دیدی نووسەرە بەپلەی یەکەم و سەرەکی. هەڵبەتە ئـــەو بابـــەت و لێکدانەوە و بۆچوونانەی لەو پرِۆژەیەدا خراوەتـــە روو راو و سەرنج و رِەخنە و پرسیاری زۆر لەخۆوە دەگرێت چ لەلایەن هاوبیرانی نەتەوەیی یا خەڵکی تر, ئامـــانجیش دروســـتکردنی گفتوگو ُو دیالۆگە بەمەبەستی گەیشتن بەتێگەیشتنی زیـــاتر و هاوبەش و بەرنامەیەکی تەواو کە ئەمیش گەوهەری هـــزری دیالیکتیکی مرۆڤەو ئەم پێشەکییەی ئێمەش لەهەمان رِوانگـــەوە هاتووە.

**هەژار کامەلا**

**هەولێر - کوردستان**

**زستانی ٢٠٠١**

## بیری چاك.. گووفتاری چاك.. كرداری چاك..

هاوبیرە بەڕێزەكانم.. سلاوتان لێبێت..

ڕەوشت یاخود ئاكار, بالاترین سیستەمی ڕێكخستنی كۆمەلایەتییە, زۆربەی ئەو ئایین و یاسا و بیروباوەڕ و فەلسەفانەی كە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی هاتوونەتە بوون و مەبەستیان ڕێكخستنی كۆمەلگە بووە, لە ڕەوشتەوە سەرچاوەیان گرتووە و خۆیان بەبەشێكی زانیوە.. بەوپێیە تاوەكو ئێستا زۆر پێناسەی ڕەوشت كراوە و لەسەری نووسراوە, ئنجا ئەو نووسین و لێكۆلینەوانە ئایینی بووبن, یاخود فەلسەفی و ڕامیاری و كۆمەلایەتی و ..هتد.

هەرچۆنێك بێت هیچ كامێك لەو ڕێباز و زانستانە نەیانتوانیوە نێوەڕۆك و واتای وشەی ڕەوشت بە پلە و پایەی خۆی بگەیەنن. من لێرەدا نەك هەر نامەوێت بەلكو ناشتوانم ئەو ئەركە گرانە وەئەستۆ بگرم و بكەومە پێناسە و تانوپۆكردنی زاراوە و نێوەڕۆكی ڕەوشت. تەنها ئەوەندە دەلێم, كە ڕەوشت چوارچێوە و فەرهەنگێكی مەزنە بۆ هەموو دیاردە ئایینی و ڕامیاری و كۆمەلایەتی و زانستی و ئەدەبییەكانی مرۆڤایەتی.

بەر لە هەرشتێك كە دەلێم ڕەوشت, مەبەستم لەو تێڕوانینە تەسكە خۆرهەلاتییە, یاخود كوردەوارییە نییە, چونكە ئێمەی كورد و خۆرهەلاتی ڕەوشتمان لە شوێنێكی زۆر نابەجێدا تێبینی كردووە!, كە ئەویش ئامرازە توخمییەكانی زۆربوونن.. كەچی لەڕاستیدا ئەو شوێنانە بەشێكی زۆر بچووكی ئەو پڕۆسەیەن كە ئەگەر بەشێوەیەكی خراپ و ناڕەوا بەكاربهێنرێن! پاشان دەچنە چوارچێوەی ڕەوشت و بێڕەوشتییەوە.

هێندەی ئایین و ڕامیاری و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی تر دەچنە خانەی ڕەوشتەوە و کار لەیەکدی دەکەن, ئەو پڕۆسە سێکسییانە هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر ڕەوشت نییە, دیارە من نالێم کە کۆمۆنەی سەرەتایی و بەرەڵڵایی سێکسیم بۆ ئەم سەردەمە پێ ڕەوایە, بەڵکو ئەویش هەر دەچێتە خانەی بێڕەوشتییەوە, بەڵام نەك وەکو دیاردە کۆمەڵایەتییە باڵاکان..

زۆربەی زۆری ئایینەکان ڕەوشتیان کردووەتە پایەیەکی پتەو و پێکهێنەری ئایینەکانی خۆیان, واتە زۆریان کردووە بەبەشێك لەکەم! کە ئەمە لەگەڵ مەبەستە لۆژیکییەکاندا یەکناگرنەوە و بگرە دژبەیەکیشن, چونکە ئایین خۆشی بەشێکە لە ڕەوشت, کەچی دروستکەر و پەیڕەوکەرانی ئەو ئایینانە ڕەوشتیان کردووەتە بەشێك لێی..!!..

مرۆڤ, کە دەڕوانێتە دەوروبەرەکەی خۆی, دەبێت بەچاویلکەی ڕەوشت بڕوانێتە هەموو ئەو شتانەی دەیانبینێت و بیانکاتە بەشێك لێی. تەنانەت هەڵسوکەوتی ئاسایی ڕۆژانە و هاوڕێیەتی و خۆشەویستی و پەیوەندیی ژن و مێردایەتی و وەچە و دایك و باوکایەتی و خوشك و برایەتی و ..هتد یش دەبێت بەشێك بن لە ڕەوشت. ئەگەرنا, ئەوا ئەو پەیوەندییانە هەموویان دەچنە چوارچێوەی بێڕەوشتییەوە. بەتایبەتی خێزان کە یەکەمین و گرنگترین یەکەی کۆمەڵایەتییە و دەبێت گرنگییەکی تەواو بەڕەوشت بدات و کارێکی وابکات کە ئەو منداڵانەی هێناویانەتە بوون, بەباشترین و ڕەوشتبەرزترین شێوە پەروەردەیان بکات. چونکە هەر ئەو منداڵانەن کەبەردەوامی بەو خێزانە دەدەن و لە پاشەڕۆژدا ژیانی کۆمەڵ و نەتەوە بەڕێوەدەبەن.

پەیوەندییەکی زۆر بەهێز و ڕاستەوانە لەنێوان خێزان و کۆمەڵگەدا هەیە و ڕێکوپێکیی خێزان دەبێتە هۆی ڕێکوپێکیی کۆمەڵگە و بەپێچەوانەشەوە..

ڕەوشت, ژیانە, ڕاستگۆییە, دەستپاکییە, هاوڕێیەتییـــــە, خۆشەویستییە, خیانەت نەکردن و ئەمەکە بۆ خاك و نەتـــەوە, ڕێکوپێکـــی و پاکژییـــە, کارکردنـــە, خوێنـــدن و زانیـــاری وەدەستخستنە, .. و هەموو شتێکی پیرۆزە لەبووندا. بەوپێیـــە هەر مرۆڤێـــك و هـــەر کـــۆڕ و کۆمـــەڵێك ئـــەو دیـــاردە نێوبراوانەی ڕەچاو نەکرد, ئەوا دەچنە خانە و چوارچێـــوەی بێڕەوشتی و بێئاکارییەوە.

هەرلە سەردەمە کۆنەکانەوە مرۆڤ پڕکاری ڕامیاری و دەستەلآت گرتنەدەست بووە, بۆ ئەم مەبەستە کەوتۆتە خولیای فراوانخوازی و دەستدرێژیکردن لەسەر خاك و ئاو و سامانی نەتەوە و ڕەگەزەکانی دراوسێی و لە بەرژەوەندیی نەتـــەوەی سەردەست و ڕابەرانی, نەتەوە بندەستەکانی دەستەلآتی خۆیـــی چەوســـاندووەتەوە و هـــەوڵی ســـڕینەوە و چەواشـــەکردنی تایبەتمەندە نەتەوەییـــەکانیانی داوە. ڕەفتـــاری ئـــەو نەتـــەوە سەردەستە, یاخود لەهەندێك باردا فەرمانڕەوایانی دەچێتە تایە سووکەکەی تری تەرازووەکەی پەلەی ژیانەوە کـــە ئـــەویش بێڕەوشتییە.

مرۆ هەر لە سەردەمانی زووەوە وشەی دڕنـــدەی بـــۆ هەندێك ئاژەڵی وەك شێر و پڵنگ و هەندێکی تر داتاشـــیوە, بەلآم تاکە دڕندە یان دڕندەترین بوونەوەری سەرزەوی بـــەبێ دوودڵی مرۆڤە بەگشتی. چونکە ئەوەی هەندێك جار مـــرۆڤ لە چرکەیەکدا کردوویەتی, تەواوی شێر و ئاژەڵە دڕندەکـــانی سەرزەوی بەچەند سەدەیەك نەیانکردووە!.

لێرەدا ئەو ساتەم بیردەکەوێتـــەوە کـــە فڕۆکـــەوانێکی ئامریکی لەبەرزاییەکی زۆرەوە پەنجەی بەدوگمەی تـــەقاندنی ڕاکێتی ئەتۆمدانا و شـــارێکی گـــەورەی وەك هێرۆشـــیمای ژاپۆنی بەشێوەیەکی واکاولکرد کە تاوەکو تیســـتێ هێزکـــارە خراپەکانی بەسەر ناوەچەکەوە دیارە. هەمان ئەو ساتە تاڵـــــە

بەراوورد دەکەم بەبڕیاری دەستپێکردنی هێرشی ئــەنفال بــۆ نەهێشتنی کوردزمانــــان و ژەهراویکردنـــی شـــارێکی وەك هەڵەبجە. ئەو ڕووداوانەی سەرەوە کە لـــــە ماوەیـــەکی زۆر کورتدا کە لەلایــــەن مرۆڤــەوە! دژی مــــرۆڤ ڕوویــــداوە, باوەڕناکەم هەرچی شێر و پڵنگی ئەم دنیایە لە چەند سەدەیەکدا لە دژی گیانەوەرانی تر کردبێتیان..

نەتەوە بندەست و چەوساوەکان بۆ ڕزگاربوونیان لـــەو بارودۆخە ناهەموار و ژێردەستەییە کەتوونەتە خـــــەباتکردن, بەهەموو شێوەکانییەوە, کەبــــە زاراوەی زانســـتی ڕامیــاریی ئەمڕۆ بەو پڕۆسەیە دەگووترێت شۆڕش.

شۆڕش, ئەگەر ڕامیاری بێت یان جەنكَ و پێکـــــدادان, یاخود کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و پیشەسازی و زانســـتی و ئەدەبی و ..هتد بێت, دیاردەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتییە, چونکە بۆ خزمەتی خودی مرۆڤ خۆیەتی, یان باشتروایە کـــە بڵێـــم داردەستێکی ڕەوای نەتەوەی بندەســـــتە بـــۆ ڕزگـــاربوونی و گەیشتنی بەژیانێکی سەربەست و کامەران.

هەروەکو چۆن ڕەفتاری نەتەوە سەردەســـتەکە یـــاخود ڕێبەرانی, بێڕەوشتییەکی ئاشکرایە و پێویســـت بـــە گفتوگـــۆ ناکات, شۆڕشی نەتەوە بندەستەکەش لە ڕەفتاری ئەوان باشــتر نابێت, ئەگەر بەشێك نەبێت لە ڕەوشت خۆی.

کەواتە ڕەوشت بوونە و کردارە مرۆییەکانیش بەشێکن لێی. بەتایبەتی شۆڕش, چونکە ئەگەر وانەبێت ئەو پڕۆســـەیە نابێتە شـــــۆڕش و بــــەڵکو دەچێتـــە خانـــەی چەتەگـــەری و گەرەلاوژێ و بێڕەوشتییەوە. خۆ ئەگەر ئەو شۆڕشە بـــــەهیچ جۆرێك گوێ نەداتە ئاکار و پرنسیپەکانی ئەوا ئـــــەمجارەیان

دەچێتە چوارچێوەی (پاشاگەردانیی ڕەوشت)ەوە کە بەرزترین و لووتکەی هەنگامی بێڕەوشتییە..

شۆڕش, وەك هەر پڕۆسەیەك و بەشێکی تری جیهانە مەزنەکەی ڕەوشت, هەندێك سیستەم و ڕێسای تایبەتی ڕێکیدەخات کە پێویستە لەگەڵ سیستەمە ڕەوشتییەکاندا ئاوێتە بووبن, تاوەکو تەکنیکی پڕۆسەکە هیچ تانوپۆیەکی دوور لەڕەوشتی تێنەکەوێت و بەپوختەیی شۆڕشەکە لە منداڵدانی دایکی ڕەوشتەوە بێتە دەرەوە.

هەر ئەم شۆڕشە کۆمەڵە مرۆڤێك ڕێبەرایەتی دەکەن و ڕێکیدەخەن, کە دەبێت نموونەی ئەوپەڕی ڕەوشتبەرزی بن. ئەگەرنا, ئەوا ئەو کاتە شۆڕش لەگەڵ ڕەوشتدا دوو ڕێی پێچەوانەی سەدوهەشتا پلەیی دەگرێتە بەر و بە کەندەلانی بێڕەوشتیدا ڕێدەکات و دەبێتە هۆی نائومێدی و چارەڕەشیی نەتەوە بندەستەکە و تۆوی بێڕەوشتیش بەهۆی زریانی ئەو ڕابەرە بێڕەوشتانە و ڕامیاریی نەتەوە سەردەستەکەوە دەکەوێتە نێو کێڵگەی نەتەوە بندەستەکەوە و دەبێتە پاشاگەردانی ڕەوشت..

ئەگەرچی چەند دیاردەیەکی خراپ و بێڕەوشتیش لە نێو نەتەوە بندەستەکەدا ببێت, کە ئەمە شتێکی ئاساییە و بەهۆی ڕامیاری و ڕەفتارە چەوت و ڕەگەزپەرستانەکانی سیستەمی نەتەوە سەردەستەکەوەیە, دەبێت شۆڕش و ڕابەرانی دژایەتییەکی ڕێکوپێکی ئەو دیاردە نابەجێیانە بکەن, تاوەکو بەتەواوی بنەبڕ دەبن و ڕەوشت و خووی نەتەوە بندەستەکە دەگەنەوە ئاستە ئاساییەکەی خۆیان.

ڕابەرانی شۆڕش نابێت تەنێ خوودی ڕابەر و ئەوانە بگرێتەوە کە بڕیاری جیاکەرەوەیان بەدەستە, ڕابەران دەبێت هەموو شۆڕشوانێك بێت بە واتا فراوانەکەی. واتە هەر ئەندامێکی کارای شۆڕش خۆی لەخۆیدا دەبێتە ڕابەر و لە

سنووری دیاریکراوی خۆیدا دەبێتە ڕابەر و بەڕێوەبەری شۆڕش.

کەواتە شۆڕش, جگەلەوەی هۆیەکی ڕزگارکەری نەتەوەی بندەستە, لەهەمان کاتیشدا پاکساز و چاکسازێکی کۆمەڵایەتیی بەدەستەڵات و زرنگی نەتەوەشە.

هەرچەندە شۆڕش, وەکو قوچەکێك وایە و ڕێبەرانی لە لووتکەکەدان و ئەوپەڕی دەستەڵات و کاریگەرییان لە شۆڕشەکەدا هەیە و بەشەکانی خوارەوەی شۆڕشەکەش کە پارتیزانیان پێدەگووترێت و لە کوردیدا پێشمەرگەن, زۆر بەلووتکەی ئەو قوچەکە و ڕابەرانیان پابەند و کاریگەر دەبن.

ئەمانە, کە سووتەمەنیی شۆڕشەکەن و شۆڕشگێڕن, مرۆڤن و مێشك و هەستیان هەیە و دەبێت بیربکەنەوە, چونکە گرنگترینی ئەندامەکانی ئەو پڕۆسەیەن و کاریگەریی ئەوان دەبێت لە ڕابەرانیان زۆرتر بێت, چونکە ئەم شۆڕشگێڕانە نەبن, ڕابەران چ نین و بەتەنێ چییان بۆ ناچێتە سەر. واتە شۆڕش و ڕابەران بەبێ ئەندامان کارێکی ئەستەمە و پێك نایەت. هەر هەڵە و بێڕەوشتییەك لەلایەن ڕابەرانی شۆڕشەوە ڕوویدات, دەبێت شۆڕشگێڕ و ئەندامان یەکسەر دەنگی نارەزایی بەرزبکەنەوە و ئەو ڕابەرە بەئاگابهێننەوە تاوەکو بێڕەوشتی لەنێو شۆڕشدا نەتەنێتەوە. خۆ ئەگەر جارێکی دی ڕابەران هەڵە و بێڕەوشتییەکی تریان لێ ڕوویدات, شۆڕشگێڕ و ئەندامان نابێت بەهیچ جۆرێك چاوپۆشیی لێبکەن و پێی بسازێن. بەڵکو دەبێت هەوڵی ئەڵتەرناتیڤێك بدەن بۆ ڕابەرایەتیی شۆڕشەکەیان. دیارە جەماوەریش کە نەتەوە بندەستەکەیە و شۆڕشگێڕ و ئەندامان و شۆڕش بۆ ئەوانە و لە پێناوی ئەواندایە دەبێت هەمان هەڵوێستی ببێت. شۆڕشگێڕ وەك نوێنەری بەدەستەڵاتی نەتەوە کاریگەرێتییەکەی لە هەمووان زۆرترە و هەڵوێستیشی دەبێت بەو جۆرە بێت.

شۆڕشــگێڕ, شۆڕشــگێڕە نــە پێناســی دەوێـــــت و نەشیکردنەوە. مرۆڤی ئەو نەتەوەیەیە کە بووەتـــــە و دەبێتــە ســـووتەمەنیی شۆڕشــەکەی, بــۆ بەدەســتهێنانەوەی شـــکۆ لەناوچووەکەی. لەبەرئەوەی مرۆڤـــە, بیردەکاتـــەوە و شـــت دەبینێت و هەست بەکەموکوڕیی شۆڕشـــەکەی و ڕابـــەرانی دەکات. کەواتە شۆڕشگێڕ (ڕۆبۆت) نییە, ئەو ڕۆبۆتەی کـــە بەویست و خواستی مرۆڤـــی سروشـــتی هەڵدەســـووڕێت و کارەکانی بۆ جێبەجێ دەکات, بەبێ ئەوەی هیچ نـــارەزایی و ڕەخنەیـــەك بگرێــت. شۆڕشــگێڕ, ئەگــەر کـــەموکوڕی و بێڕەوشتیی لە ڕابەرانیدا هەست پێکـــرد و بـــەبێ هەڵوێســـت مایەوە دەبێتە ڕۆبۆت. شۆڕشگێڕ پێش ئەوەی هەر کــــارێکی شۆڕشگێڕانە ئەنجام بدات, بەبێ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکات و بزانێت ئەم کارە بۆ؟ و لایەنـــە ئـــەرێتی و نەرێتییـــەکانی چییە؟, دەبێتە ڕۆبۆت..

شۆڕشگێڕ, کـــە بـــووە ڕۆبـــۆت لـــەنێوی پـــیرۆزی شۆڕشگێڕایەتی دەشۆررێتەوە و دەبێتە ڕۆبۆتێکی چــــەکدار و پاشان دەبێتە چەتـــــە و دوژمنـــی ئـــەو نەتـــەوە بندەســـتەی کەلەوەوپێش شۆڕشگێڕی بوو.. نەتەوەکەش کەئەوانە نوێنەری بن تووشی پاشاگەردانیی ڕەوشت دەبێت. ئەم پاشاگەردانییەش, بەشۆڕشێك چارەسەر دەکرێت کە لەنێو ئەو بەنێو شۆڕشـــەدا بکرێت کەلەوەوبەر بەئامانجی ڕزگارکرنی نیشتمانیی نەتـــەوە بندەستەکە هاتۆتەکایەوە.

ئـــەو شۆڕشـــەش شۆڕشـــی ڕۆشـــنبیرییە, شۆڕشـــی بیرکردنەوە و ئەنتی ڕۆبۆتییە, شۆڕشی خۆناسین و پێناســـــە دەرهێنانی نەتەوەییە, شۆڕشی بڕیاردان و وێــــران و بـــڕوا بەخۆبوونە, شۆڕشی ڕاستگۆیی و دڵسۆزی و ئەمــــەکدارێتی و.. لە هەموو ئەمانەش گرنگتر شۆڕشی ڕەوشتە..

کوردستان و کورد, لە دەمێکەوە نیشتمان و نەتەوەیەکی بندەستن و لەلایەن نەتـــەوە سەردەســـتەکانی چـــواردەور و دراوسێیەوە دەچەوســــێنرێتەوە و بەشبەشـــکراوە و هـــەوڵی سڕینەوەی تایبەتمەندە نەتەوەییەکانی دراوە و دەدرێت. سامانە سروشتییەکانی و خاك و ئـــــاوی وەك تـــالآنی دەبرێـــت و بەکاردەهێنرێت. ئەمە جگە لە بەبێگانەکردن و کۆڵۆنیالیکردنی زۆربـــەی نێوچـــە ســـنوورییەکانی, لەلایـــــەن نەتــــەوە سەردەســـتەکانییەوە و ســـڕینەوەی هـــەموو تایبەتمـــەندێکی کوردەواری لەو نێوچانەدا.. و هەڵبەستنی هەزار و یەك درۆ و ڕای نازانستی بـــۆ چەواشـــەکردن و تێکدانـــی نـــەژاد و پەیوەستەگییان و گەڕاندنەوەی ڕەسەنی نەتەوەییان بۆ خـــودی ئەو نەتەوە سەردەستانە..

ڕەفتار و مامەڵەی نەتـــەوە سەردەســـتەکانی ئێمـــە و بەتایبەتی ڕابەرانیان بەپێی یاسا سروشتییەکان دەچێتە خانـــەی بێڕەوشـــتییەوە, چونکـــە داگـــیرکردن و چەوســـــاندنەوە و زۆرلێکردن و کوشتن و بڕین و زیندانیکردن و دزی و تالآنی و هەموو ئەو کـــردارە ناڕەوایانـــە بەلووتکـــەی بێڕەوشـــتی دادەنرێن. کـــە بوونەتـــە هـــۆی بەشبەشـــی و بندەســـتی و پاشاگەردانی و میزاجی کوردەواری تێکچـــوون بـــۆ ئێمـــەی کورد..

کورد, نەك بەدەم و ڕای خۆمان, بـــەڵکو بـــەبیروڕای زۆربەی خۆرهەلآت و کوردناسە جیهانییەکان بەنەتەوەیـــەکی ڕەوشتبەرز نێوبراوە و جێگەی سەرسووڕمانی زۆربەی ئـــەو گەشتوەر و ئەکادیمیانە بوون, بەتایبـــەتی لـــە کـــاتێکدا کـــە بەراووردی ئێمە و نەتـــەوە سەردەســـتەکانی دراوســـێمانیان کردووە.. هەڵبەت ئەم ڕەوشتبەرزییەی کە ئەو بێگانانە وەکـــو تایبەتمەندییەك و خوویەکی نەتەوەییانەی ئێمە, باسیانکردووە,

شانازییەکە بۆ ئێمەی کـــورد بەتایبـــەتی لەبـــەردەم نەتـــەوە سەردەستەکانماندا..

ئەو تیشکە ئاماژەکـــارەی کـــە هـــەر لـــە ســـەرەتای دروستبوون و هاتنەکایەی نەتەوەی کوردەوە, کە لە ئاوێنـــەی ڕەوشتی کوردەواریدا, خووڕەوشتی کوردی پێواوە, بەدرێژایی مێژوو و تێپەڕبوونی کاتەوە, ملی بەرەوخوارناوە. دیارە هۆیە هەرە سەرەکییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کورد هەر لـــە دوای ڕووخانی دەوڵەتی مادەوە, نەیتوانیوە لـــە چوارچێـــوەی کیان و شکۆیەکی تایبەت بەخۆوە, بـــەردەوامی بـــە ژیـــان و شارستانیی خۆی بدات و لە دوای ئەو مێژووەوە بندەســـت و بەشبەشکراوی نەتەوەسەردەستەکانی دراوسێی بووە و ئەمانیش لەبۆ بەرژەوەندییـــە بێڕەوشـــتییەکانی خۆیـــان, کەوتوونەتـــە ســـەپاندنی کلتـــوور و ئـــایین و ڕۆشـــنبیری و دیـــاردە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان بەسەر نەتەوەی کوردی بندەستدا.

لەبەرئەوەی ئەو کلتوور و ئایین و دیاردە کۆمەڵایەتیانە هەڵقوڵاو و ڕەنگدانەوەی ناخ و دەروونی کوردەواری نەبوون, بوونەتە هۆی تێکدان و چەواشەکردنی کەســـایەتی و بـــیر و ژیرێتیی کورد و بڵاوبوونەوەی ترســـناکترین و خراپـــترین دیاردەی کۆمەڵایەتی کە ئەویش چەکـــەرەکردن و ڕســـکانی بێڕەوشتییە, واتە کورت و کرمانجی (تێکچوونـــی مـــیزاجی کوردەوارییە).

هەڵبەت ئەو سەرەتا بێڕەوشتییە و لەگرێژنە دەرچوونی کۆمەڵگەی کوردەواری, بەوشێوە ترسناکە نییـــە کـــە هیـــچ چارەسەرێکی نـــەبێت و بووبێتـــە یـــەکێك لـــە تایبەتمـــەندە نەتەوەییەکانمان, هەروەك یەکێك لە ڕابەرە ســـەربازییەکانی پارتی سۆسیالیستی کورد پاسۆك دەیگووت!.

ئێستاش ئەگەر بەراوردێك بکەین لە نێـــو کۆمەڵگـــەی کوردەواری و نەتەوە سەردەستەکانیدا, هێشتا هـــەر تیشـــکە

ئاماژەکارەکەی کورد لـــە هـــەموو خووڕەوشـــت و دیـــاردە کۆمەڵایەتییەکانی تری سەربەودا لەسەروو کێرڤەکانی نەتـــەوە سەردەستەکانییەوە دەوەستن. کە ئەمـــــە مایـــەی شـــانازی و دڵخۆشکەریی هەموو مرۆڤێکی کوردە. لە کاتێکدا کـــــە ئـــەو نەتەوە سەردەستانە خاوەنی دامودەزگای دەوڵەتی و کلتـــووری و فەرهەنگییە تایبەتییەکانی خۆیانن و ئێمەی کورد نەك هـــەر خاوەنی هیچ نین, بەڵکو ئەوەی هەشمانە لێمان زەوتکـــراوە و بێڕەوشتانە چەواشەکراوە.

کورد, بۆ ڕزگـــاربوون و وەدەســـتهێنانەوەی شـــکۆی لەنێوچووی خـــــۆی و ســـەرلەنوێ دەســـپێکردنی ژیـــانێکی سەربەست و کامەران و بەمەبەستی پێشخســـــتنی ڕەوڕەوەی کوردایەتی و پاشان مرۆڤایەتی, هەر لە سەردەمانێکی زووەوە بەبندەستەیی نەتەوەکانی دراوســـــێی نەســـازاوە و کەوتۆتـــە هەڵگیرسانی چەندان شـــــۆڕش و ڕاپـــەڕینی خوێنـــاوی دژی دوژمنە کلاسیك و بەردەوامـــەکانی, کـــە گرنگترینیـــان لـــە هەردوو سەدەی نۆزدە و بیستدا بوون.

کورد لەو دوو سەیەدا دەیان شۆڕش و سەرهەڵدانی لە بەشە جیاجیاکانی کوردستاندا بەئەنجام گەیاندووە, کەم تا زۆر کاریگەریی خۆیی لەسەر ڕەدوونانی دوژمنان و چـــلکتربوونی کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە بووە. بەڵام ئاکامی هـــــەموو ئـــەو شۆڕشانە بەسەرکوتکردن وماڵوێرانی و پاشاگەردانی بەســـەر کوردا شکاوەتەوە, بەهۆی نەبوونی ئایدۆلۆژیایەکی زانســـــتانە کە ڕەنگدانەوەی ناخ و دەروونی خودی کورد بێت, تـــــاوەکو ببێتە نەخشە و پرۆگرامێکی ڕێکوپێك بـــــۆ بزواندنـــی ئـــەو شۆڕشانە, کە ئەویش بیری (کوردایەتییە). ئەمـــــە جگـــە لـــە ڕەفتار و پەنابردنە بەر هەموو هۆ و شێوازێکی بێڕەوشـــــتانە لەلایـــەن نەتـــەوە سەردەســـتەکانمان و ڕابەرانیانـــەوە بـــــۆ سەرکوتکردنی ئەو شۆڕشانە بەهەر شێوەیەك بێت..

* لەسەدەی بیستەمدا کۆمەڵێك پـــارتی ڕامیـــاری لـــە کوردستاندا سەریهەڵدا, کـــــە هـــەندێکیان بۆماوەیـــەکی زۆر ڕابەرایەتیی شۆڕشی کوردیانکرد و هەندێکیان تاوەکو ئێســـتا بەردەوامن و هەندێکیشیان چوونە نێو باسوخواسی پەڕتووکــە مێژووییەکانەوە.

دەتوانرێت بگوترێت کە هەر لە سەرەتای دروسـتبوونی یەکەم کۆمەڵەی ڕامیـــاریی کوردییـــەوە تـــاوەکو هەرەســـی شۆڕشی ئەیلوول, قۆناغی تاکڕەویی پارتایەتی بـــووە, واتـــە تەنێ پارتێك یان کۆمەڵەیەکی ڕامیاری ڕابەرایەتیی شۆڕش و کۆمەلانی کوردی کردووە و ڕێکنەکەوتووە کە پارتێکی تــــر بەشدارکاری ئەو ڕابەرایەتییە بێت لە بەرەیەکدا یان بە هــــەر شێوەیەکی تر.. ئەگەر ڕووشیدابێت ئەوا بـــە دووبـــەرەکی و شەڕی براکوژی کۆتایی هاتووە.

بەچاوپێداخشـــانێکی خـــــــێرای بزووتنـــــــەوەی ڕزگاریخوازانەی کـــورد تـــاوەکو ڕاپەڕینەکـــەی بـــەهاری ١٩٩١ی باشووری کوردستان دەبینین, ڕەوشتی شۆڕشگێڕی, شۆڕش بە شۆڕش, ساڵ بە ساڵ, پارت بە پـــــارت ڕوو لـــە خواری دەکات.. کە هۆیەکەشی دەگەڕێتـــەوە بـــۆ نـــەبوونی یاخوود ناتەواویی ئەو ئایدۆلۆژیایانەی کــــە ئـــەو پـــارت و شۆڕشانەی بەڕێوەبردووە. دیارە ئایدۆلۆژیای شۆڕشێك کــــە ڕزگاریی نەتەوەیی کوردی ئامانج بێت, هەردەبێت کوردایەتی بێت. کەمینەیەکی ئەو پارتانە نەبێت هیچیـــان بەشـــێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا کوردایەتییان نەکرووەتە ئایدۆلۆژیای ڕاستینە و بەرنامەی بەڕێوەچوونی کۆمەڵەکانیان.

کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتیی کورد کاژیك, یەکێك بوو لەو پارتانەی کە هەڵگری بیری نەتـــەوەیی بـــوو و لـــە

قۆناغی تاکڕەویی پارتایەتیدا بەمەبەستی ڕزگاریی نیشتمانی هاتەکایەوە, ئەم پارتە هیچ چالاکییەکی بەرچاوی لەو هەنگامەدا ئەنجامنەدا. چونکە دەبوایە بکەوتایەتە دژایەتیکرنی پارتی. کە کاژیک ئەمەی نەدەویست, بیشیویستایە لە توانایدا نەبوو..

پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول هەنگامی فرە حیزبی لە کوردستاندا هاتە کایەوە. کاژیک لە هەنگامی فرەحیزبیدا هیچ بەشدارییەکی نەکرد ئەویش لەبەرئەوەی لەدوای هەرەسەوە و ڕاستەخۆ لە شاری نەغەدەی خۆرهەلاتی کوردستان بە کۆنفرانسێکی نائاسایی تەواوی چالاکییەکانی خۆیی وەستاند و ئیتر کەس نێوی کاژیکی بەزیندوویی نەبیستەوە.. ئەم ڕێکخراوە نەتەوەییە هیچ کاریگەرییەکی لە سەرلەنوێ هەڵگیرسانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردا یاری نەکرد.

وەک بەردەوامی و درێژەپێدانی کاژیک چەند هاوبیرێکی کاژیک لە ئەیلوولی ١٩٧٥دا هەڵستان بە دامەزراندنی پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک) و بەو پێیەی ببێتە پارتێکی نەتەوەیی و ڕابەرایەتیی جەنگی ڕزگاری بکلت لە دژی داگیرکەران.. بەلام پاسۆک ئەمەی پێنەکرا و گەشەی زۆر سست بوو و وەک ڕێژەی نەگۆڕ بە چەند پێشمەرگەیەک و ڕێکخستنێکی کەمی دیاریکراوەوە مایەوە و هیچ ڕۆڵێکی ئەوتۆی لە بیر و بزووتنەوەی کوردایەتیدا نەگێڕا و بگرە بووە هۆی دووبەرەکیی نێوان هاوبیرانی کاژیک و پاسۆک.. تا لە هاوینی ١٩٩٢دا لەگەڵ دوو دەستەی تردا یەکیان گرت و نێوی پاسۆکیش ونبوو..

چەند ساڵێک پاش نەمانی پاسۆک, کۆمەڵێک لە ئەندامانی پاسۆک لە هەندەران دەستیان کردەوە بە ژیاندنەوەی ڕێکخستنەکانی پاسۆک, بەلام لە دەرچوونی بلاوکراوەیەک و

چەند بەیانێك زۆرتر هیچی وایان دیارنییە و هیچ بنچینەیەکی جەماوەریی ئەوتۆیان لە کوردستاندا نییە کە شایانی باسکردن بێت..

پاش نەمانی پاسۆك و لەو بارودۆخە ئاڵۆزەی کوردستاندا, ناوە ناوە چەند هاوبیرێك چ لە کوردستان و چ لە هەندەران زۆرجار سەریان بەیەکدا دەگرت بۆ دروستکردنی پارتێکی نەتەوەیی پێشڕەو. زۆرجار ڕێکخستنێك هاتۆتەکایەوە و بەڵام لەبەرئەوەی بەویست و خواستی چەند دەستە هاوبیرێکی تر نەبووە, پاش ماوەیەك پووکاوەتەوە و هیچی وای لێ شین نەبووە و هەندێکیشیان تاوەکو ئێستا چ لە کوردستان و چ لە هەندەران بەردەوامن و هەریەکەیان لەلای خۆیانەوە خۆیان بە پارتی نەتەوەیی پێشڕەو دەزانن..

دیارە یەك کوردایەتی هەیە.. ئەگەر ئایدۆلۆژیای چەند ڕێکخراوێکی کوردستان کوردایەتی بێت, ئەوا دەبێت لایەکیان یان چەند لایەکیان لادەربێت. ئەگەر ئەوانە هەموویان بیروباوەڕیان کوردایەتییە! ئەی بۆچی چەند پارت و بەرەیەکن؟..

هەرچۆنێك بێت باشترینی ئەو پارتانە یاخود ئەو ڕێکخراوە نەتەوەییانە لەوانەی پێشوو و ئەوانەی ئێستێ چاکتر نابێت ئەگەر گوێ نەداتە ئەو بنەما ڕەوشتییانەی کە لەوەوبەر باسکران و ئەمە جگە لەم بنەما و تێبینییانەی کە پاش بنەما ڕەوشتییەکان دێن.

* پارتی نەتەوەیی دەبێت واز لە سۆز و خەوبینین بهێنێت و چیدی ئەدەبیات و نووسراوەکانی خۆی بەوانە نەڕازێنێتەوە کە کورد ئازایە و شۆڕەسوارە و چل ملیۆن کەسە و چی و چیی ترە.. بەڵکو دەبێت بکەوێتە سیاسەتکردن بەمانای وشە و بەرژەوەندیی نەتەوەیی کورد بخاتە پێش

هەموو شتێکی تردەوە, تەنانەت پێش بەرژەوەندیی پارتایەتیش و دروشمی (هەموو شتێك لە پێنـــاوی کـــورد و ســـەربەخۆیی کوردستان) بکاتە ئاوێنەی کاروبارەکانی, چ لـــە نێـــو خـــۆی کوردستان و چ لە دەرەوەیدا و زۆر چاکیش ئەوە بزانێت کـــە سۆز و خۆشەویستی و تەنانەت دوژمنایەتیش لە سیاسەتدا نین, بەڵکو تاکە شتێك کە لەگەڵ سیاسەتدا کار لەیـــەکتری بکـــەن بەرژەوەندییە و بەرژەوەندی..

* مرۆڤ, سروشت وایهێناوەتە بوون کەوەکو تـــاکێك خۆپەرست بێت. ژیان و خۆپەرستی بەگشتی وا لـــە مـــرۆڤ دەکات کە هەڵپە بکات, هەندێك مرۆ بۆ ژیانێکی وا کە خۆشی نازانێت ئامانجی چییە! هەزار و یەك ئەمســـەر و ئەوســـەر دەکات. دژایەتیی ئەم و ئەو و خیانەتکردن, مرۆڤ کوشـــتن, بوون بە مافیا, بازرگانی بەچەکەوە و هتد..

ئێمەی کوردیش لەبەرئەوەی بەشێکی ئەو مرۆڤایەتییەین بەگشتی, هەمان جیاوازیی بیروڕامان لەنێویەکدا هەیە. تیاماندا هەیە کوردێکی تر دەکوژێـــت, زۆرجـــار دوو بنەماڵـــە, دوو هۆز.. دەکەونە دژایەتیی یەکدی. بەڵام وەك تـــاکی کـــورد, خێزان, گوند, هۆز, یان هەر یەکەیەکی تـــری کۆمەڵایـــەتی, لەهەر شتێکدا چەندێك ڕامان لەگـــەڵ یـــەکتردا جوودابێـــت, پێویستە هەموومان لەسەر ئەوە ڕێکبین کە ئێمە نەتەوەیـــەکی بەشخوراوین و پێویســـتمان بـــە دامـــەزراندنی دەزگەیـــەکی تایبەتیی خۆمان هەیە.. خاوەنی کێشـــەیەکین و هـــەموومان یەکڕابین لەسەری.. بەکورتی با لەهەموو شتێکدا جوودابیـــن, بەڵام لەسەر کێشە ڕەواکەمان یەکڕابین..

* سیاسەت بەواتا پڕاوپڕەکەی بریتییە لە ململانێیەك لە پێناوی دەستەڵاتدا.. پـــارتی نەتـــەوەییش دەبێـــت بکەوێتـــە

ململانێیەکی توند و تیژ چ لە نێوخۆی کوردستـــــان و چ لـــە دەرەوەیدا لە بـــۆ دەســـتەڵات گرتنەدەســـت. هەڵبـــەت ئـــەو دەستەڵاتەش لە پڕێکدا کارێکی ئەستەمە و بە چەندین هەنگام و کێشەی گەورەدا تێدەپەڕێت کە لەوانەیە بشبێتە هۆی قەیرانێکی گەورە بۆ خودی پارتی نەتەوەیی. ئەو کێشانەش چەند شـتێکی بەڵگەنەویستن, چونکە پارتی نەتەوەیی بەو پێیەی کە پـارتێکی پێشڕەوە و زۆربەی ئەو کۆمەڵ و دەستانەی تری کوردســتان بە سازشکار و نانەتەوەییان دەزانێت و ئەمە کێشەیەکی گەلێك گەورەی لە نێوخۆدا و لە سەرەتادا بۆ دروستدەکات, کە دەبێت گەلێك لێزانانە و بەسەرکەوتوویی لێی بچێتە دەرەوە.. ئەمـــە جگە لە دوژمنایەتیی نەتەوە سەردەستەکان و جەنگی سیاسی و بەرژەوەندیی نێودەوڵەتی..

بۆ گەیشتن بەو دەستەڵاتە, هێز پێویستە. هـــێزیش بـــۆ پارتێکی نەتەوەیی وا بریتییە لە هێزی ئیدۆلـــۆژی و ئـــەوی تریان هێزی مادییە:

یەکەمیان: هێزی ئیدۆلۆژی:-

یەکێك لە گرنگترینی بنـــەما ســـەرەکییەکانی پـــارتێك ئیدۆلۆژیایە و دەبێتە بزوێنەری و هەر ئەمەشە کە کەسـلیەتیی ئەو پارتە دیاری دەکات و ئەندامان کۆدەکاتـــەوە و بنچینـــەی جەماوەری پەیدادەکات.. نێوی ئەو ئیدۆلۆژیایە لـــەنێو گـــەلی هاوبیران و نەتەوەییەکانی کورددا بە بیری نەتەوەیی یـــاخود فەلسەفەی کوردایەتی ڕۆیشتووە. کە ئەمە زاراوەیەکی ناسراو نییە لە نێو تەواوی ڕووناکبیرانی کـــوردا, ئـــەویش بـــەهۆی تەسکیی چالاکییەکانی هەردوو پارتی کاژیك و پاســـۆکەوە و بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆر ناسراو نـــەبێت لەسەرانســـەری

کوردستاندا و لەوەشەوە بۆمان دەردەکەوێت کـــە کـــاژیک و پاسۆک تاچ ڕادەیەک کاریان کردووەتە سەر بلاوبوونـــەوەی بیری نەتەوەیی..

ڕاستە ئەوانە بوونە هۆی ئەوەی کە بیری نەتـــەوەیی ڕەسمییەتێک بەخۆیەوە بگرێت بەلاّم وەک پێویست هەڵنەسـتان بەگەشەپێکردنی بەتایبەتی پاسۆک کە لـــە بـــارودۆخێکی زۆر لەبارتردا هاتەکایەوە, کە ئەویش هەنگامی فرەحیزبی بوو لـــە کوردستاندا.

هەر لەسەرەتای شەستەکانەوە کاژیک (کوردایـــەتی)ی وەک فەلسەفەیەک بە خەڵکێکی دیاریکراو ناساند, بەلاّم ئـــەو ناساندنە خۆی نەبوو یان وەک پێویست نەبوو..

فەلسەفە: دەبێت پێناسەی هەبێت و خاوەن کەســـایەتیی تایبەتیی خۆی و ســـەربەخۆ بێـــت لـــە دوو توێـــی چـــەند نووسراوێکی ئەکادیمیدا, کە ئەمەش بەوە دێتە دی کە بەردەوام چەند زانا و بیریارێک خزمەتی بکەن و گەشەی پێبدەن و لێی بکۆڵنەوە.. پارتی نەتەوەیی دەبێت چەند کەسانێک پـــەروەردە بکات و گرنگییان پێبدات تا دەگەنە ئاستی زانایی و بیریـــاری, کە ئەمە نەریتی هەر پارتێکی خاوەن ئیدۆلۆژیایە.. بەلاّم ئـــەو جۆرە کەسانە لە نێو کـــاژیک و پاســـۆکدا تـــابلێی کـــەمن.. کەواتە چاکتروایە کە پارتی نەتەوەیی بکەوێتە کۆکردنـــەوەی هەموو ئەو تێکستە کۆن و نوێیە بیرییانـــەی کـــە دەربـــارەی کوردایەتی نووسراون و لەلایەن بیریارە نوێیەکانی پارتـــەوە لێیان بکۆڵرێتەوە تاوەکو ببنە خاوەنی (دەزگەی لێکۆڵینـــەوەی کوردایەتی) کە ئەمە دەبێتە هۆی باشتر خستنەڕووی ئەو بیرە لە چوارچێوەیەکی سەربەخۆدا و پاشان پارتیش بەهۆی ئـــەو بیرەوە بەرەنگاری هەموو ئەو هێرشە کلاســیکییانە دەبێتـــەوە کەلەوەوبەر کاژیک و پاسۆک تووشی بوون..

بەوپێیــە پێناســی ئیدۆلــۆژی دێتــە بــوون, بــەڵام گەڕاندنەوەی مێژووی ئەو بیرە دەبێت گەلێك لەوە کۆنــتربێت هەروەکو بابەڕاخ و ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیــی کراونەتە سەرەتای.. بیری نەتەوەیی کوردی هــەر لەگــەڵ سەرەتای پێکهاتنی نەتەوەی کورددا هاتۆتە بوون و گەشــەی کردووە و بەوپێیە دەبێت هەر لە ڕۆژانی ئیمپڕاتۆری مــادەوە لەسەری بنووسرێت و توێژینەوەی لەسەر بکرێت. خۆ ئەگــەر واش نەبێت ئەوا گەڕاندنەوەی بۆ ســەردەمی داگــیرکردنی کوردســتان لەلایــەن عەرەبــە موســڵمانەکانەوە شــتێکی بەڵگەنەویستە و گیانی بەرگری و کوردایەتی لەوکاتــەوە دژی سوپای داگیرکەر بەتەواوەتی گەشەی کردووە.. ئــەو بــیرە بەتەواوەتی لەو هەڵبەستە ئایینییە بەنێوبانگــەی پیرشــالیاری زەردەشتیدا دەردەکەوێت, جا ئایا ئەو هەڵبەستە کــۆن بێــت یاخود نوێ هەروەکو ئەو ڕایەی لە نێو ڕووناکبیرانی کــوردا باوە..

دووەمیان: هێزی مادی:-

پاش هێزی ئیدۆلۆژی و جێگیربوونی, پارتی نەتــەوەیی پێویستی بە هێزی مادی دەبێت بۆ گەیشتنە دەســتەڵات. کــە ئەمەشیان گەلێك گرنگە چونکە لەپاش شۆڕشی پیشەســازییەوە مادە یاخود ئابووری لەگەڵ سیاسەتدا نەبێت نێــو نــاهێنرێت هەربۆیــە دەگووترێــت (ئــابووریی ڕامیــاری).. چونکــە کاریگەرییەکی یەکانگیرانەیان لەسەر یەکتر هەیە.

پارتی نەتەوەیی ناتوانێت تەنها لە ڕێگــەی ئابوونــەی مانگانەی هاوبیرانی نێو وڵاتەوە سیاسەتی خۆی بە تــاکتیك و ستراتیژەوە پەرەپێبدات و دەستەڵات بگرێتە دەســت, چونکــە ئەمڕۆ خودی ئەندامان خۆیان پێویستیان بەکۆمــەکی مــادی

هەیە. ئەویش لەبەر ئەو بارە خراپە ئابوورییەی کوردستان.. بەڵام ئابوونەی هاوبیرانی دەرەوەی وڵات و بەتایبەتی ئەورووپا و ئامریکا دەکرێت بەڕێژەیەکی دیاریکراو پشتی پێببەسترێت لە ڕێی جەختکردنی ئەندامانەوە بە پێشکەشکردنی ڕێژەیەکی گونجاوی مانگانە.. بەڵام نابێت ئەمەشیان تاکە داهاتی پارتەکە بێت و دەتوانرێت لەم لایەنەدا سەرنجی مێژووی کەڵەکەبوونی سەرمایەی پکک بدرێت کە چۆن هەر ئەندامێکی مانگانە کۆمەکێکی مادیی باشی پێشکەشی پکک دەکرد و تاچ ڕادەیەک کاریکردبووەسەر چەسپاندنی سیاسەتی پکک و بەڕێوەچوونی.. دیارە ئەم یارمەتیدانەش دەبێت بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و بەردەوام بێت, چونکە نە پکک, پکک ی جارانە و نە ئەندامانیشی ئەو گوڕو تینەی جارانیان ماوە..

ئابوونەی ئەندامان نابێت ببێتە تاکە داهاتی پارتی نەتەوەیی, بەڵکو دەبێت بیر لەزۆر لایەنی وەدەستهێنانی مادیی تر بکرێتەوە, بەمەرجێک ڕەوابن.

دەڵێم ڕەوابن, چونکە زۆرجار گوێبیستی هەندێک لایەن و پارتی ڕامیاری دەبین کە چۆن لە پێناوی سەفتەیەک دۆلاردا کاری نابەجێ دەکەن و هەندێک جاریش دەبنە قاچاخچیی هێنان و بردنی مرۆڤ و بازرگانیی مادەی سەرخۆشکەر و ترسناکی دژبە مرۆڤایەتی.. یاخود بازرگانی چەکی فرەکوژ, کە بەهیچ جۆرێک پارسەنگی ئامانجە ڕامیارییەکانیان ناداتەوە. چونکە ئامانجی هەر دەستەیەکی ڕامیاری چەند پیرۆز و بەرزبێت, نابێت ڕێی ناڕەوای بۆ بگیرێت.. چونکە لەگەڵ بنەما ڕەوشتییەکاندا یەکناگرێتەوە.. پارتی نەتەوەیی پێویستە ووردە ووردە بچێتە مەیانی وەبەرهێنانی ئابوورییەوە لەهەر شوێنێکی جیهاندا کە بۆی بگونجێت و تاوای لێدێت دەکەوێتە کڕینی چەندین پشکی کارخانەکانی دەرەوەی وڵات, ئەویش بەهۆی چەند هاوبیرێکی

لێزانی پسپۆڕەوە لە کاروبارەکانی ئابووریی جیهانیدا, دیـــارە ئەمە پرۆسەیەکی گەلێک گرانە و کاتیشی زۆر پێدەوێت, بەڵام چار هەر ئەوەیە گەر پارتی نەتەوەیی بیەوێت سیاسەت بکـلت و دەستەڵات بگرێتە دەست پێویستی بـــەهێزە و هـــێزیش لــە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا مادەیە. پارتی نەتــــەوەیی باشـــترین و نزیکترین ئەزموون و پەندی لەبەردەستایە لەم بارەیەوە کــــە ئەویش دەوڵەتی ئیسرائیلە و چۆن لەم ڕێگایەوە بـــووە هـــۆی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی شـــکۆی لـــەنێوچووی نەتـــەوەی جوولەکە..

چوونە نێو مەیدانی بازرگانییـــەوە ســـوودێکی تریـــش دەبەخشێت کە ئەویش هەڵگیرساندنی جەنگی ئابوورییە لە دژی داگیرکەران و هەوڵدان بـــۆ لەگرێژنـــەدەربردنی ئـــابووریی نەتەوەی سەردەست کە هەروەکو چۆن بینیمان پکک لــــەدژی دەوڵەتی تورکیای داگیرکەردا بەئەنجامیدا و گەر وابرۆێشـــتایە دەبووە هۆی زۆتـــر ئیفلیجبوونـــی گـــەورەترین شـــادەماری ئابووریی تورک کە ئەویش گەشتوگوزارییە.. ئەنجامی ئـــەو جەنگە لەوەدا دەرکەوت کە ســـاڵی ۱۹۹۳ دەوڵـــەتی هۆڵنـــدا هەڵستا بەسەرژمێرییەکی ئەو توریستانەی کە نیازی گەشـــتی تورکیایان هەبوو و بەهۆی چالاکییەکانی پکک وە پەشـــیمان بوونەوە. ژمارەی ئەو توریستانەی لە دەوڵـــەتێکی بچووکـــی وەکو هۆڵندادا گەیشتە پەنجاهەزار کەس لە هاوینی ساڵێکدا, چ جای وڵاتانی تری ئەوروپا و کیشوەرەکانی تر.. لەوە تێڕامێنن کە چ زیانێکی مەزن لە ئابووریی دەوڵەتی تورکیای داگیرکەر کەوتووە.. بەڵام مەخابن بەهۆی ڕووداوەکانی ئەم دوادواییەوە و وەستانی چالاکییەکانی پکک, ڕادەی گەشتوگوزار زۆر لــــە جاران زۆرتر پەرەیسەندووە و هەر لە وڵاتێکی وەکو هۆڵندادا ژمارەی ئەو توریستانەی کە ساڵی ۲۰۰۱ دەیانەوێت بچن بـــۆ تورکیا بۆ گەشتوگوزار لە ۱۱٦% زۆرتر بووە, کە دەبێتـــــە

گوڕێکی زۆر باش بـــۆ ژیاندنـــەوەی ئـــابووریی تورکیـــای داگیرکەر..
گەر پارتی نەتەوەیی ببێتە خاوەن ئابوورییەکی بـــەهێز, ئەوا بێگومان لە سیاسەتی نێودەوڵەتیشدا دەخوێندرێتەوە و لـــەو ڕێگەیەوە دەتوانێت سیاســـەتی خـــۆی بـــەرەوپێش بـــەرێت, جگەلەوەی کە کاروبارە ڕاگەیاندنەکانی زۆر بەئاســـانی بـــۆ ئەنجام دەدرێت کە ئەمەشیان شادەمارێکی تری سیاسەتکردنە.

* پارتی نەتەوەیی, دەبێت ئەوە بخاتە پێش چاوی خۆی کە شۆڕش و پێکدادانی چـــەکداری کـــارێکی ئەســـتەمە بـــۆ دەستەڵات گرتنەدەست و ناکرێت و نابێت کـــە ئـــەو پـــارتی نەتەوەییە بەگژ سوپای چوار تا پێنج دەوڵـــەتی داگیرکـــەری کوردستاندا بچێت و ڕزگاریش وەدەستبهێنێت. چونکە ئـــەمڕۆ پێکدادانی چەکداری و توندوتیژی وەك بلێی ئەو بـــاوەی لـــە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا نەماوە و چاری کێشەکەشمان لەدەســـت شۆڕشدا نەماوە. ئەوەتا ئـــەو هـــەموو نموونـــە گەورانـــەی شۆڕشمان هەیە کە یەکێکیان شۆڕشی ئـــەیلوول بـــوو, کـــە مەزنترین شۆڕشی نەك هەر کوردستان, بەڵکو خۆرهـــەلاتی نزیکیش بوو.. بەلام چونکـــە لـــە بـــەرژەوەندیی سیاســـەتی نێودەوڵەتیدا نەبوو.. لایەنە یارمەتیدەرەکانی شۆڕش نەك هەر پشتیان تێی کرد بەڵکو کەوتنە دژایەتیشی و ســـەرەنجام بـــەو هەرەسە تاڵەی ساڵی ١٩٧٥ کۆتایی هات. ئەمـــە جگـــە لـــە هەموو ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانەی بەشـــەکانی تـــری وڵات کەبەو هۆیەوە ســـەرکوتکراون و ســـەرباری ئـــەو نموونـــە زیندووەی کە تاوەکو ئێستا لە باشووری کوردستاندا هەیـــە و بەهۆی ڕاپەڕینەکەی بـــەهاری ١٩٩١دەوە زۆربـــەی زۆری ناوچەکانی باشوور ڕزگارکران.. بەلام چونکە پشـــتگیرییەکی ئەوتۆی سیاسەتی نێودەڵەتیی لەگەڵدا نەبوو.. هەر زووبـــەزوو

شاری کەرکوك لەدەست بـــەرەی کوردســـتانی ســـەندرایەوە بەپێی یارییەکی نێودەوڵەتی..
کەواتە چارەسەرکردنی کێشـــەکەی ئێمـــە کەوتووەتـــە دەست سیاسەتی نێودەوڵەتی و پەیوەســـتە بـــە بـــەرژەوەندیی زلهێزەکانی جیهانەوە..

باشە ئەی پارتی نەتەوەیی بۆ؟ و چ پێویســـتییەك بـــۆ ئەڵتەرناتیڤی ئەو کوڕ و کۆمەڵانەی کوردستان هەیە؟!..

سیاسەت هـــەروەکو گوتـــرا نـــە هاوڕێیەتییـــە و نـــە دوژمنایەتی. بەڵکو بەرژەوەندییە.. ئەمڕۆ زلـــــهێزان لەبـــەر خاتری چاوی کاڵی کورد, کیانێکی کـــوردی دانامـــەزرێنن.. چونکە بەرژەوەندیی خۆیان لە هەموو ئەو دەوڵەتانـــــەی کـــە کوردستانیان داگیر و دابەشکردووە لـــــە دەوڵـــەتی کـــوردی زۆرترە یان ئێستا زۆرترە. لەبەرئەوە پارتی نەتەوەیی دەبێـت بکەوێتە جەنگی بەرژەوەندی لەگەڵ زلهێزاندا و بیسەلمێنێت کە بـــەرژەوەندییان لـــە دەوڵـــەتی کوردیـــدا گـــــەلێك لـــــەو بەرژەوەندییەیان زۆرترە کە لـــە داگیرکـــەرانی کوردســـتاندا هەیانە. ئەگەر نا ئەوا ســـەرکەوتنی پـــارتی نەتـــەوەیی لـــە دەستەڵات گرتنە دەستدا زۆر گرانە و دەبێت تێبینیی ئـــەوەش بکرێت کە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا چۆلەکەیـــەکی نێودەســـت لەدەی سەردارەکە باشترە و ئەو کێشەیەش ڕووبەڕووی پارتی نەتەوەیی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد دەبێتەوە کـــە ئەمڕۆ بەرژەوەندیی زلهێزان لە داگیرکـــــەرانی کوردســـتاندا چۆلەکەکەی نێودەســـتی زلهێزەکانـــە و بـــەرژەوەندییان لـــە کوردســــــــــتاندا دە دانەکـــــــــەی ســـــــــەردارەکەیە.
ئەو دوو پرنسیپە دەبێت ببنە ئاوێنەی سیاسەتی نێودەوڵـــەتی و پەیوەندییە دەرەکییەکانی پارت و هەروەها دەبێت بچنـــە نێـــو

سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە و بۆ ئەم مەبەستە کەسانی لـــێزان و پسپۆڕ پەروەردە بکەن و (دەزگەی ستراتیژی نەتەوەیی) بـــەو کارە هەڵبستێت.

دیارە جەنگی بەرژەوەندیش پرۆسەیەکی گرانە بەلاّم لەم سەردەمەدا بووەتە تاکە ڕێگەی چارەسەرکردنی کێشەکەمان.

دەربارەی بەرژەوەندیی زلـــهێزەکان و ســـەرنەکەوتنی شۆڕشی کورد سەرنجی ڕاپۆرتی (ئۆتیس پایك)ی ئـــامریکی بدەن و بۆماندەردەکەوێت کە چـــۆن چارەنووســـی کـــورد و شۆڕشەکانی کراونەتە قوربـــانیی سیاســـەتی نێودەوڵـــەتی و بەرژەوەندیی زلهێزان.. بەبێئەوەی پێشـــــمەرگەی هـــەژاری کورد ئاگاداری ئەو گەمە جیهانییانە بووبێت و لـــــە پێنـــاوی کێشـــــەی ڕەوای نەتەوەکـــــەیاندا ژیـــــانی خۆیانیـــــــان لەسەرداناوە..؟!..

کەواتە پارتی نەتەوەیی دەبێت کاریگەرییـــەکی تـــەواو بەدەســـتبهێنێت لەســـەر سیاســـەتی نێودەوڵـــەتی و هـــەموو قورساییەکی خۆیی بداتێ, نەك خۆخـــەریككردن بـــە شـــەڕە تفەنگی نێو چیاکانەوە.. دیارە ئەوەشیان هەر شۆڕش و جەنگی ڕزگارییە. بەلاّم لە کاتێکدا ئەگەر زەمینەی شۆڕشی چەکداری لەباربوو و سیاسەتی نێودەوڵـــــەتی بەهـــەموو شـــێوەیەك و بەردەوام پاڵپشتی بوو و پارتی نەتەوەیی پاش ئەوەی بەهۆیەوە لە دەستەلاّت گرتنە دەست دڵنیا بوو ئەوا ئـــەو کاتـــە دەبێتـــە بڕیارێکی چارەنووسانە و هەڵگیرساندنی کـــارێکی نەتـــەوەیی مەزنە.. هەروەها ئەگـــەر واش نـــەبوو ئـــەوا دەشـــێت بـــۆ بەردەوامبوونی کاروانی بـــــیری نەتـــەوەیی و ئاســـانکردنی چالاکیی پارتیانە بەبزووتنەوەیەك لە کوردستاندا هەڵبستێت بە مـــەرجێك ئەمـــە ئەڵتـــەرناتیڤی دووەمـــی دوای سیاســـــەتی نێودەوڵەتی بێت بۆ دەستەلاّت گرتنە دەست..

شۆڕشەکانی کورد هەرلە سەرەتاوە تـــاوەکو ڕۆژانـــی ئەمڕۆ, لە ناوجەگەی خاکی کوردستاندا بووە. کە لە زۆربـەی جارەکاندا بووەتە هۆی ماڵوێرانییەکی زۆر بۆســـەر خـــەڵکی کورد..

پارتی نەتەوەیی دەبێت پێکدادانی چەکداری بەهـــەموو شێوەیەك لــــە کوردســـتاندا نـــەهێڵێت و بیگوێزێتـــەوە بـــۆ ناوجەرگەی داگیرکەرانی کوردستان.

زۆرجار ڕوویـــداوە لـــە کوێرەدێیـــەکی کوردســـتاندا هێرشکراوەتە سەر مۆڵگایەکی دوژمن, کە نەك ڕووداوێکـــی نادیار بووە لەنێو نەتەوە سەردەستەکانمان و جیهاندا. بەڵکو لە کوردستانیشدا نەبیستراوە و دەنگدانەوەیەکی ئەوتۆی نـــەبووە. دوژمنیش بەرامبەر ئـــەو کـــارە ئـــەو گونـــدەی تـــەخت و ڕاگواستووە. واتە لێرەدا تەنها کورد زیانی پێکـــەوت. بـــەڵام ئەگەر چالاکییەکی لەو جۆرە لەنێوجەرگەی دوژمن و شارێکی وەك ئەستەمبوڵدا بکرێت. ئەوا دەنگدانەوەیـــــەکی زۆرتـــری دەبێـــت و بـــەوجۆرە ئـــاگری جـــەنگیش لـــە کوردســـــتان دووردەکەوێتەوە و دڵی دوژمنیـــــش باشـــتر دەلـــەرزێنێت و نەتـــەوەی سەردەســـتیش باشـــتر هەســـت بەبزووتنـــــەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەکات..

* ڕاگەیاندنیش, شادەمارێکی تری پارتی نەتەوەییە بـــۆ بەرەوپێشچوونی, کە ئەمەیان دوو لایەنی هەیە:

لایەنی یەکەمی: ئەوەیە کە جەماوەر و ئەندامان بەهۆی ڕاگەیاندن و هۆیەکانییەوە زۆرتر خۆیان دەناسن و ڕۆشـــنبیر دەبن و لە دەوروبەرو گەمە جیهانییەکان شارەزا دەبن.

بـــەڵام لایـــەنی دووەمـــی: ناســـینی کێشـــــەکەمان و ڕسواکردنی ڕەفتارە فاشـــییەکانی داگیرکـــەرانمان و نـــهێنی

هەڵماڵینی گەمە جیهانییەکانە لە دژی کورد بـــۆ ڕای گشـــتیی جیهانی, تاوەکو هەست و سۆزیان بەلای خۆماندا ڕابکێشین کە ئەمە زۆر کار دەکاتە سەر کێشەکەمان و بینیمان کــــە چـــۆن بەهۆی ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١دوە ڕای گشتیی جیـــهانی پشتی گرتین و چ سوودێکی گەیاندە ئــــەو ڕاپەڕینـــە. بـــەڵام ئەمجارەیان لەباتی ئاژانسی دەنگوباســــە جیهانییـــەکان پێـــی هەڵبستن, دەبێت ئاژانسی دەنگوباسی کورد کە لەلایەن پـــارتی نەتەوەییەوە ئاراستە دەکرێت, بەو کردارە هەڵبستێت. ئنجا ئایا دەبێت شێواز و ئارمانجی ڕاگەیاندنی پارتی نەتـــەوەیی چـــی بێت و چۆن بێت؟..

ڕۆشنبیریی کوردی بەهەموو شێوەکانییەوە, بەشێوەیەکی زۆر ترسناك کەوتووەتە ژێـــــر کاریگـــەرێتیی ڕۆشـــنبیری بێگانەی داگیرکەرەوە بە تایبەتی ڕۆشنبیریی عەرەبی. ئەویش بەهۆی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە نێـــو کوردەواریـــدا و بەدرێژایی چواردە سەدە, بۆ ئەم مەبەستە و پاکژکردنـــــەوەی ڕۆشنبیری نەتەوەییمان و دەرهێنـــانی پێناســـی ڕۆشـــنبیریی کوردی, پارتی نەتەوەیی دەبێت گەلێك هەوڵ بدات بــــەهۆی ئەو دەزگە تایبەتمەندانەی کە بۆ ئەم مەبەستە و بۆ بەشـــەکانی ڕۆشنبیریی کوردی دایدەمەزرێنێت..

هەموو بڵاوکراوەیەکی پارتی نەتەوەیی دەبێت بەلایەنی کەمەوە بەهەردوو شێوەزمانی سەرەکیی کوردی (کرمـــــانجی سەروو و کرمانجی خواروو) و بەهەردوو تیپـــــی لاتینـــی و عەرەبی چاپ بکرێت. ئەمە جگە لە چــــەند هۆیـــەکی تـــری ڕاگەیاندن بە زمانەکانی داگیرکەرانی کوردستان و هـــەروەها بەزمانی ئینگلیسی بەلایەنی کەمەوە بۆ جیهان.

گرنگیدان بەهۆیەکانی تری ڕاگەیاندنی وەك ڕادیـــۆ و تەلەڤزیۆن و سینەما و شـــانۆ و ئنتـــەرنێت و هیـــتر, چ لــــە کوردستان ئەگـــەر توانـــرا و چ لـــە دەرەوەیـــدا, هـــەروەها

کردنەوەی چەند ناوەندێکی زانیاری و ڕۆشنبیری لـــە شـــارە بەنێوبانگەکانی جیهاندا و بەپێی سیاسەتی پـــارتی نەتـــەوەیی ئاڕاستە دەکرێن.
پاشان گرنگییەکی تەواو بدرێت بـــە ڕۆشـــنبیرکردنی منداڵانی کورد بەهۆی دەزگەیەکی تایبەتمـــەندەوە و هـــەوڵی پەروەردەکردنی زانستییانەیان بدرێت, چونکە ئەوانـــە دەبنـــە بەڕێوەبەرانی نەتەوە و پـــارتی نەتـــەوەییش لـــە دواڕۆژدا. هەروەها کردنەوەی دەزگەیەکی فراوانی وەرگێڕان لە زمانانی بێگانەوە بۆ کوردی و بەپێچەوانەشەوە تـــاوەکو کتێبخانـــەی کوردی دەوڵەمەند بکرێت و ڕۆشنبیران ئاگاداری نووســـراوە جیهانییەکان ببن و نووسراوە کوردییەکانیش بکەونە بەرچاوی بێگانە و سوودیان لێوەربگـــیرێت. چونکـــە بەڕاســـتی ئێمـــە پێویستمان بە لەشـــکرێك وەرگێـــڕ هەیـــە تـــاوەکو ئاســـتی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی بەرەوپێشتر بچێت.
ئەم خەرجییە زۆرەی دەزگەی ڕاگـــەیاندن باشـــتروایە بەشێکی زۆری داهاتی پارتی نەتەوەیی بۆ تـــەرخانبکرێت و هەر بەو شتانەوە نەوەستێت کە باسکران, بـــەڵکو زۆرتـــر و زۆرتر فراوانیان بکات.

* هەموو نەتەوەیـــەك خـــاوەنی پێناســـی نەتـــەوەیی خۆیەتی, کوردیش بەوپێیە خاوەنی ئەو پێناسەیە بەڵام تـــاوەکو ئێستێ نـــەتوانراوە بەشـــێوەیەکی ڕوون و ئاشـــکرا بخرێتـــە بەردەست و لێکۆڵینەوەی تەواوی لەسەر کرابێت و بڕیـــاری لەسەر درابێت. بۆ نموونە تاوەکو ئێستێ مشت و مڕێکی زۆر لەسەر دیاریکردنی سنووری کوردستان هەیە و هەریەکـــە و هەرلایە بەبۆچوونی خۆی بستێکی لێکەم دەکات و دووی تری بۆ زۆر دەکات بەبێئەوەی ڕێکەوتنی لەسەر کرابێت.. ئەمـــە تەنێ نموونە بوو, ئەگینا پێناسی نەتەوەیی کورد تەنێ سـنوور

نییە بەڵکو زمان و مێژوو و گەلێك شـــتی گرنگـی تریـش دەگرێتەوە..

دەزگەی لێکۆڵینەوەی کوردایەتیی پـــارتی نەتــەوەیی, بەرپرسیار دەبێت لە دەرهێنـــان و خســتنە ڕووی پێناســی نەتەوەیی, تاوەکو ئەندامانی و جەماوەر و خــەڵکی بێگانــەش بەشێوەیەکی ڕەها بەوە بسازێن کە کورد هۆکــاری تــەواوی دروستکردنی کیانێکی سەربەخۆی هەیە..

لەبارەی زمانەوە کە بنەمایەکی زیندووی نەتەوەییمانــە, دەزگەی لێکۆڵینەوەی کوردایەتی دەبێت دەســتبەجێ ڕوو لــە تەواوی زمانەوانانی کورد بنێت بــۆ بەســتنی کۆنگرەیــەکی فراوان کە تێیدا چەند بڕیارێکی مەزنی تێدا بدرێت, ئــەویش دەربارەی دانانی زمانێکی یەکگرتووی ئەدەبی کــوردی کــە هەموو شێوەزمانەکانی کوردی بگرێتەوە و تەواوی نەتــەوەی کورد بەو زمانە بنووسن و لێکتێبگەن. دیارە ئەمەش پڕۆسەی فراوانبوونی ڕاگەیاندنی پارتی نەتەوەیی فراوانــتر دەکــات. هەروەها هەوڵدان بۆ دانانی ئەلفوبێیەکی لاتینیی کوردی بــۆ ئەو زمانە یەکگرتووە و چیتر بەکارنەهێنانی ئەو پیتانەی کــە ئەم نووسراوەی پێنووسراوە!, ئەویش بۆیەکخستنی تــەواوی نووسینە کوردییەکان. ئەم کارە زمانەوانییە گرنگانە لە ڕێــی دەزگەیەکی تایبەتمەندەوە دەبێت کــە دەزگــەی لێکۆڵینــەوەی کوردایەتی بـــەپێی سیاســەتی بــەرژەوەندیی نەتــەوەییمان ئاراستەی دەکات.. و بەردەوام کاری خزمەت و گەشــەپێدانی زمانی شیرینی کوردی دەبێت.

ئەمە لەبارەی زمانەوە, لەبارەی مێژووی کوردســتان و کوردیشەوە هەمان دەزگا دەبێــت بەپێکــهێنانی دەزگەیــەکی مێژوویی هەڵبستێت بۆ سەرلەنوێ نووسینەوە و توێژینــەوەی کلتوور و مێژووی نەتــەوەییمان لــەژێر ڕۆشــنایی بــیری نەتەوەیی, تاوەکو چیــدی ئــەندامان و ڕۆشــنبیرانی کــورد

وابەستەی ئەو کتێبانە نەبن کە لێرە و لەوێ و بەم زمـــــان و ئەو زمان لەسەر کورد نووسراون و ببنە خاوەنی مێژوویەکی پوختەی خۆیان و بەزمانی خۆیـــان لـــە دووتوێـــی چـــەندین نووسراودا هەر لە بەردەبەیانی مێژووەوە تاوەکو ئێستێ..

هەروەها پێهەڵســـــانی چـــەند کەســێکی پســـپۆڕ بـــە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و سیاسی لەســـــەر دامـــەزراندن و خەبات و ئەندامانی هەردوو پارتی کاژیك و پاسۆك. تـلوەکو ببێتە ئاوێنەیەك بۆ کاری سیاسیی پارتی نەتەوەیی و ئەزموون و هەڵەکانیان ببێتە وانەیەکی زینــــدووی مێژوویـــی بۆیـــان. بۆنموونە شــــەن و کـــەوکردنی تـــەواوی نووســـینەکانیان و هەڵەکانیان و هۆی کەنارگیریی کاژیك و سستیی گەشەکردنی و پاشان هۆی وەستاندنی چالاکییان لە ڕۆژانـــی هەرەســـدا و ڕاستینەی کۆنفرانسی (نەغەدە) و هۆیەکانی و زۆر شتی تـــر کە پێویستیان بەلێکۆڵینەوە هەیە..

پاشان بێنە سەر پاسۆك و پەیوەندیی لەگەڵ ئـــەندامانی کاژیکدا و بەتایبەتی لێکۆڵینەوەی هۆیەکانی بەرزبوونـــــەوەی ناکۆکیی نێوان پاسۆك و ئەندامە کۆنەکانی کاژیك. هـەروەها هۆیەکانی باش گەشـــــەنەکردنی پاســـۆك و مانـــەوەی وەك شانەیەکی ڕێکخستنی بچووك لە شاری سلێمانیدا. لێکۆڵینەوەی هۆیەکانی تێکچوونی ڕێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیســـــتی کورد لە ئەوروپا (سۆکسە) لە ساڵی ١٩٨٦دا کەبــــەهێزترین ڕێکخراوی خوێندکارانی کورد بوو تا ئەو کاتە لە ئـەوروپادا. دیسانەوە لێکۆڵینەوەیەکی تر لەسەر ئەو ئاژاوەیەی نێو پاسۆك بکرێت کە لە ساڵی ١٩٨٧دا لە کوردستان هاتە کایـــەوە کـــە بەهۆی سیاسەتی (جیاکەرەوە و ببـــەرەوە)ی ســـەرکردایەتیی پاسۆکەوە بوو و بووە هۆی تیرۆرکردنی هاوبیر (کۆڤـــان) و وازهێنانی ١١ هاوبیری زۆر چالاکی پاسۆك. ئەمە جگە لـەو

سازشانەی ئەم دواییەی سەرانی پاسۆك بۆ تواندنەوەی لە نێو پارتی یەککگرتندا.

لەمەیانی مێژووی سیاسیی نوێـــی کـوردا دەزگـەی لێکۆڵینـەوەی کوردایـەتی دەبێـت هەڵبسـتێت بەچـەند لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت لەسەر شەڕی براکوژی.. کـە هـەر لەپاش هەرەسەوە ئەو کوڕ و کۆمەڵانە لـەبۆ بـەرژەوەندیی تەسکی پارتایەتیی خۆیـان و بـەفیتی ئـەم و ئـەو و بـۆ دەستەلاتگرتنە دەستیان بەسەر گۆڕەپـانی خـەباتدا! کەوتنـە دژایەتیکردنی یەکدی و پێکدادانی خوێناوی کـە بەسـەدان و بگرە زێتری ڕۆڵەی هەژاری کـوردی تێـدا چـوو و ئـەو ڕابەڕانەش وەکو بەرزەکی بانان بـۆی دەرچـوون و بـەبێ ئەوەی دڵۆپە خوێنێك لە پەنجەی یەکێکیان بێت و ئێسـتاش وەکو نە بایان دیبێت و نە باران بەسـەری یـەکدی سـوێند دەخۆن..؟!..

هەموو ئەو ڕووداوە دڵتەزێنانەی کە لەدوای هەرەسەوە ڕوویدا, هەربە تاریکی لەلایەن خەڵکییـەوە مانـەوە و ئـەو لایەنانە تاکە تیشکێك چییە نەیان خستە سەریان.. کـە ئـەم ئەرکە ڕووبەڕووی پارتی نەتەوەیی دەبێتەوە و وەڵامی ئـەو پرسیارە بداتەوە کە دەیان ساڵ شەڕی براکوژی بۆ و لـەپێنای چیدا؟ و بۆچی پێیان نەگووتین لەبەرئەوە؟ ئێستاش کارەسـاتی هەکاری هەر لە بازنەی نهێنییەکاندایە و کەس ڕاستیی ئـەو ڕووداوە نازانێت و هیچ کوڕ و کۆمەڵێك لەوانە بە ویژدانەوە شتێکیان بۆ باسنەکردین!! لە چەواشەکردن و درۆ و بوهتـان زۆرتر. پێکدادانەکانی (قڕناخە و پشتئاشان)ی ١٩٨٢ هەریەکە و بەجۆرێك باسی دەکات.. ئایا کۆبوونەوەی گوندی (گـۆڕە شێر) لەلایەن دەستەیەکی بزووتنەوەکەوە لەگەڵ داگیرکـەری ئێراقیدا چ بوو و بۆچی؟.. بۆچی؟ و بۆچی؟ و .. بۆچـی؟..

هـــەزاران پرســـیاری بـــێ وەڵام, هـــەزاران گرێکوێـــرە و کارەسات!!..

ئەم پرسیارانە هیچیان کای کۆن بەباکردن نین, چونکــە تراژیدیایەکان هـــەر بـــەردەوامن و چارەســـەر نـــەکراون.. براکـــوژی و چەواشـــەکردنی خـــەڵکی و گفتوگـــۆ لەگـــەڵ داگیرکـــەردا و پـــارەخواردن و .. ئەمانـــــــە هـــــەموویان شێرپەنجەیەکن و ئەستۆی بزووتنەوەی کوردیـــــان نـــەخۆش خستووە و برستیان لێی بڕیوە و هۆیە هەرە ســـــەرەکییەکانی ئـــــەو پاشـــــاگەردانییەی ئـــــــەمڕۆی کوردســـــــتانن. پارتی نەتەوەیی بەرەوڕووی لێکۆڵینەوەیەکی گەلێك گرانـــــی تریش دەبێتەوە کە ئەویش ئەو دەنگوباسەیە کـــە گوایـــا ئـــەو قاچاخچی و دەلاڵانەی کە گازی کیمیـــــاوی یـــاخود چـــەکی ژهراوییان بۆ دەوڵەتی داگیرکەری ئێراق دابینکرد, هەندێکیان چەند لێپرسراوێکی نێو ئـــــەو کـــوڕ و کۆمەڵانـــەی خـــودی بزووتنەوەی کوردن و بەشدارن لە تاوانی بۆردوومـــــانکردنی شاری هەڵەبجە و گەرمیان و بادینان و بالیسان و شێخ وەسان و شوێنەکانی تری کوردستاندا بە گازی ژەهراوی, کە ئەمـــــە مەسەلەیەکی گەلێك ترسناکە و دەبێت لیژنەیەکی لێکۆڵینـــەوەی تایبەتی بۆ دابمەزرێت کەسەربە دادگای باڵای پارتی نەتەوەیی بێت و کڕینی چەك بۆ سەددام و مســــــۆگەرکردنی و دانـــــی بەهانەدەستی ژەهراویکردنی شاری هەڵەبجـــــە و ناوچـــەکانی تری کوردستان تاوانێکی مەزنە و لێخۆشبوونی نییە و دەبێـــت زۆر گرنگیی پێبدرێت.

نهێنی هەڵماڵینی تاوانی هەڵەبجە و ئاشکراکردنی ئـــــەو گەمە خیانەتکارییە فەرمانێکی نەتەوەیی پیرۆزە, چونکە ئەگەر گازی ژەهراوی نەبووایە پازدە هەزار مرۆڤـــــی کـــورد لـــە هەڵەبجە شەهید و ئاوارە نەدەبوون و لە ئەنفالە شومەکانیشـــدا

زۆرتر لە دووسەد هەزار کەس بێسەر و شوێن نـــەدەبوون و پێنج هەزار گونـــدی کوردســـتانیش تـــەخت نـــەدەکران.. و بزووتنەوەی کوردیش بەو شێوەیە نەدەکرا بەودیو ســنووردا.. تاوانەکانی هەڵەبجە و ئەنفال تاوانێکن هیچ پاکانەیـــەکی بـــۆ ناکرێت بە تایبەتی بۆ داگیرکەری ئێراقی, بەڵام ڕێخۆشکردنی هەندێك لە کوڕ و کۆمەڵە کوردییەکانی ئەو ســـەردەمە بـــۆ ڕوودانـــی تـــاوانێکی وا دەبێـــت زۆر بـــە هـــووردی لێـــی بتوژرێتەوە..

* بنەماکانی هەر پارتێك بەگشتی بریتین لە ئـــەندامان ئیدۆلۆژی ستراتیژ یاخود ئامانج و بنچینەی جەماوەری.

ئەندامان کاریگەرترینی بنەماکانی هەر پارتێکە, چونکـە ئەمانەن کە دایدەمەزرێنن و گەشەی پێدەکەن و دروســتکەری ئایدۆلۆژی و ستراتیژی پارتن و بنچینەی جەماوەریش فراوان دەکەن. سەرکەوتنی هەر پارتێك پەیوەستە بە ئاستی بـــیر و ڕەفتاری ئەندامانییەوە, پارتی نەتەوەیی دەبێت گرنگییەکی زۆر بداتە ئەندامانی و پەروەردەکردنیان لەسەر بنەماکانی ڕەوشـت و بیری نەتەوەیی, پێشکەوتنی ئەندامان پێشکەوتنی پارتـــــە و بەپێچەوانەشەوە.

مرۆڤ هۆشمەندترینی زیندەوەرەکانە و ئەگەر بـــواری باشی بۆ بڕەخسێت کاری زۆر مەزن دێنێتە بوون و دەتوانێت ڕەوڕەوەی مێژوو بەلای باشتردا وەربچەرخێنێت.

هاوبیرانی پارتی نەتەوەیی ئەگەر لەلایەن پارتەکەیانەوە بوارێکی باشیان بۆدابین بکرێت ئەوا چەندین سیاسیی مەزن و بیریار و کەسی بـــەتوانایان تێـــدا هەڵدەکـــەوێت و پـــارتیش بەرەوپێش دەبەن. پارتی نەتەوەیی دەبێت هەمیشـــــە هـــەوڵی کەســـایەتیی هـــاوبیران و بـــەهێزکردنیان بـــدات چونکـــــە سەرکوتکردنیان و تەنها گوێڕادێران و جێبەجێکردنی فەرمانــە

پارتییەکان لــــە کەســــایەتیی خۆیــــان دادەڕووتێــــن و دەبنــــە ڕۆبۆت..!.. کە ئەندامانیش بوونە ڕۆبۆت پارتی نەتــــەوەییش هیچی لەو کۆڕ و کۆمەڵانەی تری کوردستان زۆرتر نــــابێت کە بــــە ئامــــانجی ئەڵتــــەرناتیڤی ئــــەوان هاتۆتــــە بــــوون و دروستنەبوونی گەلێك چاترە.

گۆڕکردنی سیاسەتی (جیاکەرەوە و ببەرەوە) و چــلندنی گیانی هاوبیرایەتی لە نێو ئەندامان‌دا, پارتی نەتەوەیی دەکاتــــە یەکەیەکی یەکگرتووی بەهێز کە دەتوانێت بەرەوڕووی هەموو کۆسپ و کێشەکانی ببێتەوە.

دانانی ئــــەندامی چــالاك لــــە شــــوێنی گونجــاودا و پەیڕەوکردنی ئاستی بیر و کەسایەتیی هاوبیران لە کارەکانیاندا هۆیەکە کە ڕك و کینە لە دڵی هەر ئەندامێکدا لادەبات کە لــــە مێشکی هەر مرۆڤێکدا ڕێژەیەکی هەیــــە, تــاوەکو هــاوبیرە چالاکەکان هەست نەکەن کە لە شوێنی گونجاوی خۆیاندا نیــن و ئەوەی کە لە سەروو ئەوانەوەیە کەسێکی نەگونجاوە بۆ ئەو کارە و دەبێتە جەنگی بەرپرسیارێتی و دووبەرەکایــــەتی کــــە بەهۆیەوە پارت بەرەوڕووی لەیەکدابڕانی سەخت دەبێتەوە..

هاندانی هاوبیران بۆ پەروەردەکردنی خۆیان و ڕێگایان بۆ خۆشبکرێت تاوەکو بەهۆی ئاستی بیریانــــەوە بگەنــــە پلــــە بالاکانی پارتی نەتەوەیی کە ئەمە دەبێتە هۆی بەرەوپێشچوونی خێرای پارتی نەتەوەیی. بەڵام هەموو ئەوانەی کە گووتــــران نابێت ببنە هۆی تێکدانــــی دیســپلین و پراکتیــك نــــەکردنی ناوەندێتیی دیموکراسی کە ئەمەش بەشێکی گرنگی کاروبــاری پارتایەتییە.

* ستراتیژی پارتێکی نەتەوەیی یاخود ئامانجی دەبێــــت ڕوون و ئاشکرا بێت. ئنجا ئەگەر ئــــەو پارتــــە کــاری بــۆ نەتەوەیەکی بندەست کرد, ئەوا ئامانجی هــــەر دروســتکردنی

کیانێکی سەربەخۆیە و هەموو کردەوەیەکی دەبێت لەو پێناوەدا بێت و هەر سازشێك بۆ هـــەر لایـــەك و بەباشـــە بـــەلای ستراتیژدا نەشکێتەوە دەبێتە خیانەتێکی مەزنی ئەو پارتە.. بـــۆ ئەم مەبەستە پارتی نەتەوەیی دەبێت خـــاوەن کەســـایەتییەکی بەهێز بێت کە ڕەنگدانەوەی کەســـایەتیی ئـــەندامانێتی و وەك دەوڵەتێك دەبێت ڕەفتار بکات بەتایبەتی لەگەڵ داگیرکـــەرانی کوردستاندا و هەمیشە خـــاوەنی تـــاکتیکی بـــەردەوام بێـــت لەگەڵیاندا.

* پارتی نەتـــەوەیی دەبێـــت پرنســـیبی گفتوگۆکـــردن تادەتوانێت بداتە دواوە و هەمیشە خۆی دوورەپەرێز بگرێـــت لێی, مەگەر ئەو گفتوگۆیە تاکتیکێك بێت و خزمەتێکی باشـــی ستراتیژی پارتی نەتەوەیی بکات کـــە ئەمـــە زۆر دەگمەنـــە, چونکە داگیرکەر لەگەڵ هیچ پارتێکی ئۆپۆزیســـیۆندا ناچێتـــە گفتوگۆوە ئەگەر بەرژەوەندییەکی مەزنی خۆیی تێدا نـــەبێت, بەڵام پارتی نەتەوەیی هەردەبێت بـــەگومان بێـــت و تێبینیـــی ئەوەش بکرێت کە لەگەڵ هێزێکی سێیەمی نێودەوڵـــەتی یـــان لەگەڵ ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیدا نەبێت نەچێتە گفتوگۆوە کـــە ئەو لایەنە سێیەمە بەڵێنی بارمتە و گرنتیی دەوڵەتی داگیرکەر بە پارتی نەتەوەیی بدات و ڕەچـــاوکردنی شـــوێن و زمـــانی ئاخاوتنیش لە گفتوگۆدا بکرێت.

پارتی نەتەوەیی هەرگیز نابێت بەوە بسازێت کـــە لـــە یەکێك لە پایتەختەکانی داگیرکـــەراندا بچێتـــە گفتوگـــۆوە و ڕابەرانی پارتی نەتەوەییش بەزمانی ئەو داگیرکەرە بکەونـــە دانوستاندن, بەڵکو دەبێت زمانی کـــوردی بەکاربـــهێنرێت و وەرگێڕی تایبەتی هەڵبستێت بە وەرگێڕانی..

بەڵام لە هیـــچ کـــاتێکدا گفتوگۆکـــردن لـــە خزمـــەتی ستراتیژی پارتی نەتەوەییدا نابێت و گەلێك نموونەی زیندووی

لەو بابەتەمان لەبەردەستدایە کە دواهەمینیان گفتوگۆی (بەرەی کوردستانی) بوو لەگەڵ داگیرکـــەری ئێراقیـدا لـە ساڵی ١٩٩١دا. تێڕامێنن ئەگەر ئەو گفتوگۆیە نەکرایە و ســێ تـا چوار مانگێ دوو سێ ملیۆن مرۆڤی کـورد بـەو سـنوور و چیایانەوە بمانایەتەوە ئایـا ئیسـتێ بزووتنـەوەی کـوردی هەنگاوێکی باشتری نەبڕیبوو و ڕای گشتیی جیهانیش زیـاتر لەگەڵماندا نەدەبوو؟!.. لەوەوە تێدەگەین کە زیانـەکانی ئـەو گفتوگۆیە چەند بەسەرماندا شکاوەتەوە, چونکە ئەو کاتـە ڕای گشـتیی جیـهانی و سیاسـەتی نێودەوڵـەتی ناچـاردەبوون سەرەنجامێکی باشتر بۆ باشووری وڵات بهێننە بوون, وەکـو ئەوەی کە ئیستێ هەیە.

* هەر ڕێکخراوێك کە مرۆڤ بیهێنێتە بوون, سیاسـی بێت یان هیتر, دەبێت خاوەن دەستوورێکی کـارکردن بێـت کەپێی دەگوترێت (پڕۆگـرام و پـەیڕەوی نێوخـۆ) یـاخود بەرنامەی پارت کە تێیدا ئیدۆلۆژی و ستراتیژ و کەسـایەتیی ئەو پارتەی تێدا شیدەکرێتەوە. ئەمە جگە لە شێوەی کارکردنی ئەو پارتە و پەیکەری ڕێکخستنەکەی. دیارە پارتی نەتەوەییش دەبێت ببێتە خاوەنی ئەم دەستوورە و بەشـێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بیخاتە بەردەست ئەندامان و جەماوەر.

سەبارەت بە پڕۆگرامـی پـارتی نەتـەوەیی دەبێـت لێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفییانەی ئاسان دەربارەی مێژووی کـورد و هۆی دروستنەبوونی کیانێکی سەربەخۆ تـاوەکو ئێسـتا و بەهانەکانی دامەزراندنی پارتی نەتەوەیی و شـەنوکەوکردنی باری سیاسیی ئێستای کوردستان و پاشەڕۆژی نەتـەوەییمان بکرێت و ببێتە ئاوێنەی بیروبـاوەڕ و کردەوەکـانی پـارتی نەتەوەیی. ئنجا بێتە سەر پەیڕەوی نێوخـۆ و دروسـتکردنی پەیکەری ڕێکخستن کە تێیدا مـاف و ئەرکـەکانی پـارت و

ئەندامانی تیا دیاری دەکرێت و تێبینیی ئەوەش بکرێت کە پارتی پارتێکی نەتەوەییە و دەبێت خاوەنی سەرکردایەتییەکی نەتەوەیی بێت و ئەمە بەشێوەیەکی ڕاست لە سیاسەتی پارتدا کاری پێبکرێت و نەبێتە مەرەکەبی سەر کاغەز. هەروەکو پەیڕەو و پڕۆگرامی پاسۆك کە تێیدا خاوەنی سەرکردایەتیی نەتەوەیی و چەند سەرکردایەتییەکی هەرێمی بوو, کەچی لە ڕاستیدا تاکە سەرکردایەتییەکی هەرێمیش بوونی نەبوو جگە لەیەك کەس کە دەستی گرتبوو بەسەر هەموو شتێکی پاسۆکدا..

پڕۆگرام و پەیڕەوی نێوخۆی پارتی نەتەوەیی دەبێت زۆر بە زانایانە بناغەی بڕێژرێت, چونکە هەر ئەمەیە کە دەبێت: لە پاشەڕۆژدا ببێتە دەستووری دەوڵەتی کورد و سروشی شکۆی نەتەوەییمان. بۆیە دەبێت پەلەی تێدا نەکرێت و بەنیوەناچڵی نەهۆنرێتەوە و مەرجیش نییە لەگەڵ بانگەشەی دامەزراندنی پارتی نەتەوەییدا ئاشکرا بکرێت, بەڵکو دەگونجێت ماوەیەکی پێبچێت, بەو مەرجەی کە گەورەترین دەستەڵاتی پارت کە ئەویش کۆنگرەیە بڕیاری لەسەربدات تاوەکو ڕەوایەتیی تەواوی هەبێت.. پاشان هەوڵدان بۆ پراکتیککردنی پیت بە پیتی پڕۆگرام و پەیڕەوی نێوخۆ و دەبێت هەروەکو کتێبێکی پیرۆزی ئایینی لێی بڕوانرێت و خاوەنی هێزێکی جەختکەر بێت بەسەر گەورەترینی ئەندامەکانی پارتیدا, بەمەش پرنیسپی دیسپلین و کاری سیاسیی ڕێکوپێك لە نێو پارتدا بەباشی دەڕوات بەڕێوە.

* بەهۆی نەبوونی کیانێکی سەربەخۆی کوردەوە و بەدرێژایی ئەو هەموو مێژووە و فەرمانڕەواکردنی کوردستان لەلایەن بێگانەی جۆراوجۆرەوە, ڕەوشت و داب و نەریتی کوردەواری لەسەر ڕەسەنە پاکەکەی خۆی زۆر گۆڕانکاریی

بەسەردا هاتووە لە ئەنجامی ئەو سیاسەتە چەپەڵانەی کە نەتەوە سەردەستەکان بۆ زۆرتر کۆڵۆنیاڵیکردنی کوردستان بەکاریان هێناوە.

پارتی نەتەوەیی بەرەوڕووی گرنگییەکی گرانی تریش دەبێتەوە کە ئەویش دەبێت ببێتە چاکسازێکی کۆمەڵایەتی بەسەر نەتەوەی کوردەوە و لە هەموو بارە زیندووەکانی ژیان و شارستانییەوە. دیارە ئەمەش کارێکی گرانە و پارتی نەتەوەیی بەتەنێ ئەم چاکسازییەی بۆ ناچێتەسەر, بەڵکو دەبێت هەڵستێت بەدامەزراندنی کۆمەڵێك ڕێکخراوی پیشەیی کە هەڵگری هەمان بیروباوەڕی پارتی نەتەوەیی بن و ببنە بەرپرسیاری ئەو چین و توێژەی کە لە پێناویدا هاتووەتە بوون, ئەم ڕێکخراوانە بە یارمەتیی دەزگەیەکی تایبەتیی پارتی نەتەوەیی دێنە نێو جەماوەری کوردستانەوە و دەست دەکەنە چاکسازییەکانی خۆیان و دەبنە هۆی لەڕەگوڕیشە هەڵکێشانی هەر دابێکی بێگانە و هەر دیاردەیەکی دواکەوتووی کۆمەڵایەتی و ئەفسانەیی لە نێو کۆمەڵگەدا, بۆ نموونە ڕێکخراوی جووتیاران کە یەکێکە لە فراوانترینی ئەو ڕێکخراوانە هەموو هەوڵدانێکی خۆی ئاراستەی جووتیرانی کوردستان دەکات و هەولّی پێشکەوتنیان و گۆڕکردنی دیاردە دواکەوتووەکانیان دەدات. ئەمە جگە لە پێشکەشکردنی چەندین بەرنامەی ڕۆژانە لە ڕێی هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە بۆ پێشکەوتنی کشتوکاڵ و بڵاوکردنەوەی بیری کشتوکاڵی زانستی لە نێو گەلی جووتکارانی کوردا.

ئەمە دەربارەی جووتکاران, کرێکاران و خوێندکاران و چین و توێژەکانی تریش هەر بەوشێوەیە دەبنە خاوەنی ڕێکخراوی پیشەیی خۆیان و بەهۆیانەوە ڕێکدەخرێن و بەرەوپێشدەبرێن. بەڵام دەبێت تێبینیی ئەوە بکرێت کە ئەلفرەت بوون (پیشە) نییە و پارتی نەتەوەیی نابێت بکەوێتە ئەو

هەڵەیەی کە زۆربەی ڕێکخـــراوە سیاســییە کوردســتانی و جیهانییەکان تێــی کــەوتوون و هەڵســتاون بەدامــەزراندنی ڕێکخراوی پیشەیی ئافرەتان و هەر ڕێکخراوێکی لەم جۆرەش لەلایەن ئافرەتانەوە بێتە بوون دەبێت پارتی نەتەوەیی بیداتـــە دواوە. چونکە ئافرەتی کورد, مرۆڤی کوردە و دەبێتە نیـــوەی کورد. ئەمانیش دەبێت شانبەشانی پیـــاوانی کـــورد لـــە نێـــو ڕیزەکانی پارتی نەتەوەییدا ڕێکبخرێن بەو پێیەی کە هیچیـــان لەوان کەمتر نییە, چونکە مرۆڤ بـــەبێ خواســـتی خـــۆی و بەیەکێك لەو ڕەگەزانە لەدایك دەبێت و ئافرەتایەتی پیشەیەك نییە کە مرۆڤ پاش لەدایکبوونی وەدەستی هێنابێت, هـەروەکو پیشەی مامۆستایی و کرێکاری و .. هتد.

لەبەرئەوە پێشکەوتنی مرۆڤی کـــورد بـــە ئـــافرەت و پیاوەوە دەکەوێتە سەر خودی پارتی نەتەوەیی ئەمە جگە لـــەو ئافرەتانەی کە بەهۆی پیشـــەکانیانەوە چـــالاکیی ڕێکخـــراوە پیشەییەکان دەیانگرێتەوە.

* بڕواننە هەر شۆڕشێکی سەرکەوتووی ئەم جیهانـــە, کە خاوەنی هێمایەکی نەتەوەیی یاخود شـــۆڕش بـــووە. ئـــەو هێمایەش لە خودی ڕابەرێکی لێهاتوودا بەرجەستە بووە کــــە ڕێز و نێوبانگێکی نێوخۆیی و جیـــهانی هـــەبووە و بووەتـــە هێزێکی پۆزەتیڤ و پاڵپێوەنەر بۆ شۆڕشەکە کە نموونـــــەیان گەلێك زۆرن..

لە نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیشدا زۆر لـــەم هێمایانەمان هەبووە کە بوونەتـــە دڵ و گیـــانی شۆڕشـــەکە, بەرادەیەك کاریگەرێتییەکی وای هەبووە کە پـــــاش نـــەمانی ئەوان شۆڕشەکانیش نەماون و کە ئەمە خاڵێکی نێگەتیڤانـــەی ئەو شۆڕشانە بوون. چونکە ئەڵتەرناتیڤی لێهاتوو و دەستبەجێ بۆ ئەو ڕابەرانە نەبوون کە جێیان بگرنەوە, بـــەڵکو دراوەتـــە

دەست حوکمی مێژوو کە هەر لە خۆوە و تا ڕابەرێکی تر دێتە بوون..

لەنێو نەتەوەیەکی دواکەوتووی بندەستدا, ڕابەرێکی مەزن گەلێک پێویستە کە بتوانێت بەهۆی نێو و دەستەڵاتییەوە سۆز و خۆشەویستیی جەماوەر بەلای خۆیدا ڕاکێشێت و ببێتە هێزێکی تری شۆڕش و دەستەڵات گرتنە دەست.

پارتی نەتەوەیی شانبەشانی پەروەردەکردنی هەلوبیرانی دەبێت هەوڵی دروستکردنی ڕابەرێکی نەتەوەیی بدات, تەلوەکو ببێتە هێمای بیری نەتەوەیی و پارت و شۆڕش. کە دەبێت کەسێکی وابێت کە زۆر ڕەوشتبەرز و لێهاتوو و دانا و هێمن و سیاسی و .. هتد بێت و هەمیشە پاڵپێوەنەری بێت بۆ زێتر نێودەرکردنی و ببێتە تەواوکاری پارت و بەچەند مەرجێکی نەتەوەیی بالاوە ببەسترێتەوە, کە لەنێو پرۆگرامی پارتی نەتەوەییدا ئاماژەی بۆ کرابێت و تێبینیی ئەوەش بکرێت کە ئەم ڕابەرە تاسەر لە ژیاندا نامێنێت و هەوڵی بەلایەنی کەمەوە ئەلتەرناتیڤێکی تر بدرێت تاوەکو لەپاش نەمانی ئەو ڕابەرەوە بەهەر هۆیەک بێت یەکسەر یەکێکی تر جێی بگرێتەوە..

دیارە ئەمەش کاتی دەوێت و مەرجیش نییە لەنێو دەستەی دامەزرێنەری پارتدا بێت, هەروەکو لەنێو هەندێک لە کۆڕ و کۆمەڵەکانی تردا باوە و وەکو بڵێیت تاپۆی ڕەشیان پێبێت, وایلێهاتووە دەستبەرداری نابن و لەگەڵ مردنیاندایە.

* پەیوەندیی پارتی نەتەوەیی لەگەڵ ئەو گروپ و کۆمەڵە سیاسییانەی تری کوردستاندا پەیوەندییەکی زۆر ناسکە و دەبێت ژیرییەکی سیاسی کە پشت بەستووبێت بەو تاکتیکانەی کە پارتی نەتەوەیی دایدەڕێژێت, دیاریی بکات. چونکە پارتی نەتەوەیی بەو مەبەستە دێتە بوون کە دەستەڵات بگرێتە دەست و دیارە ئەمەش لەگەڵ بەرژەوەندیی پارتایەتیی

ئەو گروپ و پارتانەی تردا دژبەیەکن و دەبێتـــە کێشـــەیەکی گەورە بۆ پارتی نەتەوەیی.
ڕەواترینی ئەو ڕێگایانەی کە پارتی نەتەوەیی دەکاتـــــە پارتی پێشڕەو, تەنها خەباتی ڕەوایە کە ئەویش هەر خـــەباتی بیر و سیاسەت و کوردایەتییە و هەر کارێکی ناڕەوا پارت لە نەتەوەیی دەخات و نابێتە پارتی پێشڕەو. هەربۆیـــــە پـــارتی نەتەوەیی دەبێت گەلێك لێزانانە ئەو پەیوەندییانە ڕابگرێـــت و نەبێتە هۆی شەڕ و پێکدادان لەگەڵ گروپـــەکانی تـــردا, بـــا ئەوانیش دەستپێکەربن!..
پارتی نەتەوەیی بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتی خـــۆی و گەشەکردنی دەتوانێت لەگەڵ یەك یان چەند لایـــەنێکی تـــری کوردستانیدا بچێتە بەرەیەکەوە, بەمەرجێك ئەو بەرەیە نەبێتـــە هۆی تێکدانی ســـتراتیژی پـــارتی نەتـــەوەیی و کەســـایەتیی ئەندامیانەی هیچ لایەنێکیان لەوی تریـــان زۆر یـــان کـــەمتر نەبێت و تێبینیی ئەوەش بکرێت کە ئەو بەرەیـــە دەســـتکرد و دەستنێژ و لەبەرژەوەندیی داگیرکەرێکی کوردستاندا نەبێت.
هەر لە مەیانی پەیوەندییەکانی نێوخۆدا پارتی نەتەوەیی باشتر وایە چەند لێکۆڵینەوەیەك لەسەر هەندێك لـــەو پارتـــە سازشکارانەی کوردستان پێشکەش بکات و بۆ جەماوەی ڕوون بکاتەوە کە مانەوەی هەندێك لەو پارتانە لەســـەر گۆڕەپـــانی خەبات لە بەرژەوەندیی داگیرکەرانە, چونکە هەندێك لەوانـــە چەند داروەدستەیەکی بەرژەوەندچین و بە فیکەیەکی داگیرکەر دەچنـــە مـــەیانی گفتوگـــۆوە و گیـــانی بەرەنگاربوونـــەوەی جەماوەریش دێننە خوارەوە..
چونکە هەموو ئەو گفتوگۆ و سازشانە بەبـــەرژەوەندیی داگیرکەراندا دەشکێتەوە کە هەموو ئەو پارتە سازشکارانە پێی هەڵدەستن. گەر پارتێکی خاوەن بیروباوەڕ شیرازەی شۆڕشـــی لەدەستدا بێت, چۆن بە گفتێکی سادەی دوژمن و بەبێ بارمتـــە

دەچێتە نێو گەمەی گفتوگۆوە. هەربۆیە ئەوە کێشـــەیەك بـــۆ پارتی نەتەوەیی دروستدەکات چونکە مانەوەی هەندێك لـــــەو پارتـــە سازشـــکارانە لـــە بـــەرژەوەندیی داگیرکەراندایـــە و داگیرکەرانیش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هـــەوڵی مانـــەوەیان دەدەن کە ئەویش بەپێی پرنســـیپی دوژمنێکـــی نـــەزان زۆر چاکترە لە دوژمنێکی هۆشیار..

* گەر ســـەرنجی کەســـایەتیی خـــەبات, کەســـایەتیی کوردایەتی, کەسایەتیی شۆڕش و پێشمەرگایەتی و تەنانـــــەت بەداخەوە شەهیدانیش بدەین, دەبینین کە ڕێز و پایەی وەکـــــو جاران لەلای جەماوە نەماوە کەئەمانیش پەیوەســـتن بەچـــەند هۆیەکی خۆیەوە, ئەویش سیاسەتە چەپەڵـــەکانی نەتـــەوەکانی سەردەســـت و خراپیـــی بـــاری ئـــابووریی کوردســـــتان و درێژەکێشانی شۆڕشەکان و تێکشکانیان کـــە بووەتـــە هـــۆی بێهودەیی جەماوەر و هەروەها ڕەفتـــارە ناشۆڕشـــگێڕییەکانی هەندێك لەلایەنەکانی کوردستان..

ئەو هۆیانە بەتایبەتی دواهەمینیان بووەتە هۆی ئـــەوەی کە خەڵکی وەکو جاران گوێ بە کێشە نەتەوەییەکەیان نەدەن و ئەو پیرۆزییەی جارانی وەکو نەمابێت لەلایان وایە.

سەرنجی پیرۆزیی نێوی پێشمەرگە و شۆڕشی ئەیلوول و خەباتی پێشمەرگە سەرەتاییەکانی پـــاش هـــەرەس بـــدەن, لەلایەن جەماوەری ئەوساوە و ئەو هەموو پشتگیرییەی کە لێی دەکرا و بەراوردی بکەن لەگەڵ ئەو بارودۆخەی ئێســـــتادا و بزانن چەندێك لـــە پـــیرۆزیی هاتووەتـــە خـــواردوە. ئەمـــە مەســـەلەیەکی گـــەلێك ترســـناکە لەســـەر بزووتنـــــەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد و خەباتی پـــارتی نەتـــەوەییش بـــۆ گەیشتنە ئامانجەکانی بێهوودە دەبێت ئەگەر جەماوەر بـــڕوای

پێنەبێت و لای پیرۆز نەبێت, چونکە پارتیش هەر بەشێکە لە جەماوەر و بۆ جەماوەرە, ئەگەر نا ئەوا دەبێتە مافیایەکی خۆبژێن. کەواتە پارتی نەتەوەیی دەبێت هەوڵێکی زۆر بدات بۆ سەرلەنوێ بەرزکردنەوەی وردەی جەماوەر و گەڕاندنەوەی ئەو هەستە پیرۆزەیان بەرامبەر مافە نەتەوەییەکانیان. هەروەها لێکۆڵینەوە لەسەر هەموو ئەو هۆیانەی کە ئەو بارودۆخەیان هێناوەتە بوون و بەتایبەتی ڕسواکردنی ڕەفتارە چەوت و چەوێڵەکانی هەندێك لەو گروپانەی کە کورد واتەنی سەنعاتەکەیان ڕەزیل کردووە, لە پێناوی بەرژەوەندییە پارتایەتی و مادییەکانی خۆیاندا کە لەسەر چارەنووس و شۆڕشی کورد بوونەتە مافیا و خۆیان دەوڵەمەند کردووە.

* کوردایەتی و خەباتی پارتی نەتەوەیی دەبێت لەوانی تر و هی پێشوو جیاواز بێت. پارتی نەتەوەیی دەبێت تازەگەرییەك بهێنێتە نێو کوردایەتییەوە چونکە مێژوو وەستانی نییە و ڕۆژ بە ڕۆژیش گۆڕانکاری بەسەردێت و خۆی نوێدەکاتەوە, کوردایەتیش بەشێکی ئەو مێژووەیە. هەربۆیە دەبێت کە کوردایەتیی پارتی نەتەوەییش مۆدێرن بێت. بۆ ئەم مەبەستە پارتی نەتەوەیی دەبێت هەر پرنسیپێکی سیاسیی بێگانە و سواو بداتە دواوە و لەو چوارچێوە کلاسیکییەدا خۆی نەبینێتەوە کە هەندێك لە لایەنەکانی تر تووشی بوون و ئەو ئازایەتییەیان نییە خۆیانی لێ ڕزگاربکەن, یاخود لە بەرژەوەندییاندا نییە..

بۆ نموونە پارتی نەتەوەیی دەبێت بەتەواوەتی سیاسەتکردن لە بیرە ئایینییەکان جوودابکاتەوە و .. سیاسەت بۆ پەرلەمان و ئایینیش بۆ پەرستگاکان..

* کێشەی بنەڕەتیی کورد کێشەی نــــەبوونی کیــانێکی سەربەخۆیە و هەر پاشاگەردانییەکیش کە بە درێژایی مێــژوو بەسەر کوردا هاتبێت بەهۆی ئەوەوە بووە. بەوپێیە خـــــەباتی کوردیش تەنها خەباتی ڕزگاریی نیشتمانییە و لەسەروو هــەر کارێکی پێویستی تر دەوەستێتەوە. کورد بەهــــەموو چیــن و توێژەکانییەوە بەهۆی ئەو بندەســـتەییەوە چەوســێنراوەتەوە و کەرامەتی نەتەوەییان ڕووشێنراوە, هەربۆیەشە کەم تــــا زۆر هەموو چین و توێژەکانی کورد شۆڕشگێڕایەتییان کــردووە و تووشی چەرمەســــەری بــوون لەســەری, بێگومــان ئــەو شۆڕشگێڕییەش لە چینێکەوە بۆ چینێکی تر ڕێژەکەی دەگۆڕێت و هەڵبــەت چینــە هــەژارەکانی کۆمەڵگــەی کــوردەواری بەمەبەستی هێنانەکایەی ژیانێکی کامەران شۆڕشگێڕتر بوون. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە گروپێك یان شۆڕشێك, چینێك بکات بەگژ چینێکی تردا و ناوی لێبنێت, خەباتی چینایــەتی.. کە گەلێك داروودەستەی بەرژەوەندچی بانگەشەیان بۆ کــودووە بەمەبەستی تێکدانی ستراتیژی شۆڕشــــەکانمان کــە ئــەویش خەباتی ڕزگاریی نیشتمانییە و هێزکارێکی خراپیشی بووە بــۆ یەکانگیربوونی نەتەوەییانەی کورد (التلاحم القومی).

بەڵگەنەویستە کە پارتی نەتەوەیی دەبێت لەو پێنـــــاوەدا خەبات بکات کــە یەکســانی بــۆ کۆمەڵگــەی کــوردەواری وەدیبهێنێت, بەڵام ئەمە بەستراوە بەکات و بارودۆخی خۆیەوە و جەنگی ڕزگاریی نیشتمانی پێش هــــەموو جــەنگێکی تــر دەکەوێت, مەگەر ئەوە یارمەتیدەری جەنگی ڕزگاری بێت!.

پرنیسپی (شۆڕش بەبێ خەباتی چینایــەتی نــاکرێت), لەگەڵ ئەو پرنسیپە لەدەرەوە هێنراوانەی سیاســــەتی دۆڕاوی مارکسیزم لێنینیزمدا هێنراوەتە کوردستانەوە. کە هــەر لــە دەمێکەوە مێشکی گەنجەکانمانی پــــێ ســـەرخۆش کــراوە و هەرچەندە ئـــەو سیاســەتە خۆشــبەختانە لــە ســەرەکییەوە

کوژاوەتەوە بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانە کە هەندێك لـــەو گەنجە سەرلێشێواوانە ئێستێ بەو سیاسەتە زۆرتـــــر حاڵیـــان لێهاتووە و دەستبەرداری نابن..

ئەم سیاسەتە لە پرنســـیپیدا بـــاوەڕ بـــەمافی چـــارەی خۆنووسینی کورد ناهێنێت و شـــیکردنەوەی سیاسیشـــی بـــۆ چاکتربوونی بارودۆخی کوردستان ئـــەوە بـــوو کـــە چینـــی پڕۆلیتاری کورد لەگەڵ هاوچینی نەتەوەی سەردەستدا بکەونـــە دامەزراندنی دیکتاتۆری پڕۆلیتاریا و بەوەش کێشەی کـــــورد دێتە چارەسەرکردن. چونکە جیهان بەرەو ئەو بیرە کۆمۆنەیـــە دەچێت و تەنێ چینی کرێکار کۆمەڵگە بـــەڕێوەدەبات! بـــەبێ ئەوەی بیربکەنەوە کە ئەو چارەسەرەیان خـــودی پڕۆلیتـــاری کورد ئەگەر بەو شێوە مارکسییە هەبن! دەکاتە چوار کەرتەوە و دواکەوتـــەی هاوچینەکـــەیان دەبـــن لـــە نێـــو نەتـــــەوە سەردەستەکاندا. هەروەها بەبێ ئەوەی تێبینیی ئەوەش بکـــەن کە کوردستان وڵاتێکی کشتوکاڵییە و سەروبەری بگریـــت دە کارگەی گەورەی تێدا نییە و پڕۆلیتاریاش بە تێرمی سیاســـیی ئەوان لە کوردستاندا بوونی نییە.

هەرچۆنێك بێت ئەو باسانە باشتر وایـــە کـــە پـــارتی نەتەوەیی بەچەند لێکۆڵینەوەیەکی زانستییانە بـــۆ جـــەماوەری ڕوونبکاتەوە و جـــەنگی ڕزگـــاریی نیشـــتمانی مـــەزنترینی ستراتیژەکانی بێت و هەر بیرێك یان سیاسەتێك تەنانەت هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیش کە پرنسیپی نەتەوەیی بداتە دواوە و نانەتەوەییانە بیرکاتەوە دەبێت دژیان بوەستێتەوە..

* سەرباری ئەو گروپە سیاسییانەی نێو کوردستان کـــە دژایەتیی داگیرکەران دەکەن. چەند گروپێکی تری سیاســـی و ئایینیی ناکوردستانی لە کوردستاندا هـــەن کـــە بەمەبەســـتی

ڕووخانی ئەو ڕژێمانـــە دروســـتبوون, کـــە لـــەنێو نەتـــەوە سەردەستەکاندا نموونەیان زۆرن..

ئەمانە هەر لە دەمێکـــەوە ڕژاونەتـــە کوردســـتانەوە و نێوچە ئازادکراوەکانی پێشمەرگەیان کردووەتە مەیدانی کـــاری خۆیان دژی ڕژێمەکانی تورکیا, ئێراق و ئێران و مەبەســـتیان ئازادکردنی ئەو گەلانەیە بە کوردیشـــەوە..؟!.. ئـــەم هـــێزە ئۆپۆزیسیۆنە ناکوردستانییانە گەر ســـەربکەون و دەســـتەڵاتی سیاسی بگرنە دەســـت ئـــەوا ئەمانـــەش هـــەر داگیرکـــەری پاشەڕۆژن و هیچیان لەوانەی ئێستا ئەگەر خراپتر نەبێت ئەوا چاکتر نییە!..

بۆ نموونە لە باشووری کوردستاندا ئـــەمڕۆ هـــەرچی هێزی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراق هەیە مۆڵی خواردووە و بوونەتـــە هۆی بڵاوبوونەوەی سیخوڕەکانی ئێران و ئێراق و هەردەم لە خزمەتیاندان. گەورەترینی ئەو هێزانە کە پارتێکی ئایینییە, لـــە پەیڕەو و پڕۆگرامی خۆیدا ئەو خێرەی بەکورد کردووە!, کـــە ئەگەر شۆڕشەکەی سەرکەوت و دەستەڵاتی سیاسیی لە ئێراقدا گرتە دەست ئەوا یەکسەر ئۆتۆنۆمی دەدات بـــە کـــورد کـــە نیشتەجێی شارەکانی سلێمانی و هـــەولێر و دهۆکـــن. بـــەبێ ئەوەی شارەکانی کـــەرکوك و موســـڵ و ناوچـــەکانی تـــری کوردستان بە کوردنشین و خاکی کورد دابنێت.

یارمەتیدانی هەر گروپ و لایەنێکی کوردستانی بۆ هەر ئۆپۆزیسیۆنێکی وا کە بەو شێوەیە بیر لە کێشەکەمان بکاتـــەوە, خیانەتێکی مەزنە و لە کوردستان دەکرێت. پارتی نەتـــەوەیی دەبێت چەند لێکۆڵینەوەیەکی تر دەربارەی ئەو گروپە بێگانانـــە کە بەمەستی ڕووخانی ڕژێمە داگیرکەرەکانی کورد هاتوونەتە کایەوە, پێشکەش بکات و لـــەژێر ڕۆشـــنایی بیرکردنـــەوەیان لەگەڵ کێشە ڕەواکەماندا ڕەفتار و پەیوەندییان لەگەڵدا بکات و

ئاگاداربێت کە ئەوانە ئەگەر سەرکەوتن ئەوا دەبنە داگیرکەری پاشەڕۆژمان.

* سنووری چالاکییەکانی کاژیك و پاسۆك بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵە زۆر بەدەگمەن لە ناوچەکانی شاری سلێمانی تێپەڕیکردبوو. کە نەدەبوو ئەوە سنووری چالاکیی دوو پارتی نەتەوەیی بێت. هەربۆیە بە پاسۆکیان دەگووت پارتێکە سلێمانچێتی دەکات کە ئەمە تاڕادەیەکی زۆر وابوو. چونکە زۆربەی ئەندامان و بنچینەی جەماوەری و سنووری چالاکیی پاسۆك لە شاری سلێمانیدا بوو.

پارتی نەتەوەیی, لەبەرئەوەی نەتەوەییە دەبێت بەپێی توانا فراوانترین سنووری چالاکیی ببێت ئنجا ئایا چالاکیی ڕاگەیاندن بێت یان هەر شتێکی تر, بۆ ئەم مەبەستە دەبێت لە دوورترینی هەموو ناوچەکانی کوردستاندا ئەندام و بنچینەی جەماوەریی ببێت و تەنها بە شارێك یان بەشێکی وڵاتەوە نەوەستێتەوە, ئەگینا نێوبانگ و تێکۆشانی وەکو پاسۆکی لێدێت کە تاوەکو ئێستا زۆربەی خەڵکی بادینان و ناوچەکانی تری وڵات هەر نەشیان بیستووە..!!..

* بەهۆی ڕەفتارە چەوتەکانی داگیرکەرانەوە هەندێك هەستی ڕك و دووبەرەکایەتی و خۆبە کورد نەزانین لە نێو هەندێك هەرێمەکانی وڵاتدا بڵاوبووەتەوە و ترسێکی گەورەش دەخاتە سەر بزووتنەوەی کوردایەتی, ئەمە جگە لەو هەستە ناجۆرانەی کە کەوتووەتە نێوان چەند دوو هەرێمێکی وڵاتەوە..

بۆ نموونە داگیرکەری عەرەبی ئێراقی هەمیشە ویستویەتی لە باشووری کوردستاندا هەستێکی ناجۆر و دژایەتی بخاتە نێوان هەردوو هەرێمی بادینان و سۆرانەوە.

ئەویش بەهۆی هەندێك پڕوپاگەندەی فاشییانە و بـــەکارهێنانی جاشەکانی سۆران لە بادیناندا و هێنانی جاشەکانی بادینان بـــۆ شەڕوتالآنی لە ناوچەی سۆران, کە ئەمە بەپێی نەخشـــەیەکی داگیرکەرانە لەلایەن بەعسەوە بەکاردەهێنرا تاوەکو جەماوەری ئەو دوو هەرێمە ڕکیان لەیـــەکدی ببێتـــەوە و ببێتـــە هـــۆی کەرتبوونی نەتەوەیی کورد.

هەروەها هەردوو ڕۆژنامەی (بـــــزاڤ) و (ئاســـۆ)ش هەمان ڕۆڵیان یاری دەکرد کە هەریەکەیان بەشێوە زمـــانێك شتی بلآودەکردەوە تاوەکو ڕۆشنبیرانی هیـــچ لایـــەکیان بـــە دیالێکتەکەی تر نەخوێنێتەوە.. بۆ کـــــەرتکردنی ڕۆشـــنبیری کوردی.

ئەمە جگە لە پڕۆژەی بەستی بەخمە کە دەبووە هـــۆی کەرتکردنی هەردوو ناوچەی بادینان و سۆران و دابڕانیـــان لەیەکتری.. هەروەها ڕەفتارەکانی هەندێك لـــەو لایەنانـــەی کوردستانیش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ یارمـــەتیدەربوون بـــۆ جیاکردنەوەی هەردوو هەرێمی بادینان و سۆران, بەتایبـــەتی شەڕی براکوژیی نێوان یەکێتی و پارتی.

پڕۆژەی بەستی ئەتاتورکیش هەمان ڕۆڵ یاریدەکات لـــە نێوان کەرتکردنی باکوور و خۆرئاوای وڵاتدا..

هەروەها بەهۆی هەستی ئایینییانەی شـــیعەگەرێتییەوە, زۆربەی هەرێمەکانی لەك و لوڕ و بـــەختیاری دایدەشـــکێنن بـــەلای فارســـدا و تایبەتمـــەندە نەتەوەییـــەکانی خۆیانیـــان لەدەستداوە. هەموو ئەوانە چەند هۆکارێکی ترسناکن و دەبنـــە هۆی ناجێگیریی یەکانگیربوونی نەتەوەییمان کـــە هـــەر لـــە دەمێکەوە ئـــەو ســـنوورانەی کـــە وڵاتیـــان دابەشـــکردووە یارمەتیدەری بووە..

پارتی نەتەوەیی دەبێت ئەوپـــەڕی هـــەوڵدانی خـــۆی بەکاربـــهێنێت بـــۆ ســـەرلەنوێ یـــەکڕیزی و یـــەکانگیریی

نەتەوەییمان و هاوئاهەنگی بخاتە نێوانیانەوە و ببێتـــە هـۆی ناساندنی بەشەکانی وڵات بەیەکدی. جگە لە چارەســـەرکردنی هەر دوژمنایەتییـەك ئەگــەر لــەنێوان هــۆز و تیرەکــانی کوردستاندا هەبێت, ئەوانە دەبنە بەهێزبوونی بەرەی نێوخۆیی وڵات و خەباتی پارتیش ئاسانتر دەکەن.

* ژمارەی کورد لە دەرەوەی کوردستاندا ڕۆژ بە ڕۆژ لە زۆربووندایە. بوونی کورد لە دەرەوەی وڵاتـــدا دەکرێــت سوودێکی باشی بۆ کێشەی کورد ببێت.

پارتی نەتەوەیی دەبێت گرنگییەکی زۆر بەم کوردانــەی دەرەوەی وڵات بدات. بەوەی کە کارێکی وابکــات کــە ئــەم کوردانە ببنە لۆبی. بوونی لۆبیی کــورد لــە دەرەوەی وڵات سوودێکی باش دەگەیەنێتە کێشەی کورد. بەمــــەرجێك ئــەم لۆبییە لەلایەن سەرچاوەیەکی نەتەوەیی دڵســـۆزەوە ئاڕاســـتە بکرێت, تاوەکو ببێتە هێزێکی جـــەختکار بەســـەر سیاســـەتی نێودەوڵەتییەوە.

لۆبیی کـــورد لـــە پاشـــەڕۆژدا و پـــارتی نەتـــەوەیی نموونەیەکی گرنگیان لەپێش چاودایە. کە ئەویش جوولەکەکانی ئامریکان, کە چۆن بەهۆی لۆبییە بەهێزەکەیانەوە گـــەورەترین یارمەتیی مادی و سیاسین بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل.

ئەم جوولەکانە جگەلەوەی کـــە ســـاڵانە چـــەند ملیـــار دۆلارێك پێشکەشی دەوڵەتی جوولەکـــە دەکـــەن, هـــەروەها بەهۆی ئەندامەکانیانەوە لە نێو کۆنگرێسی ئامریکادا باشـــترین پاڵپشتی سیاسین بۆ جوولەکە. ئەمە سەرباری ئـــەو جەنگـــە ڕاگەیاندنەی کە لە جیهاندا بۆ پشتگیریی کێشەکەیان دەیگێڕن.

ئەمڕۆ لە هەندەران هۆکارەکانی پێکهێنانی لۆبیی کـورد زۆر بەباشی لە ئارادایە, پێویستە کەڵك لەم هەلە وەربگــیرێت و هەوڵی پێکهێنانی ئەو لۆبییە بدرێت. لۆبیی کورد جگەلەوەی

دەبێتە پاڵپشتی کێشەی کورد و یارمەتیدانی, هەروەها دەبێتـــە خزمەتێکی باشیش بۆ خوودی خـــەڵکی کـــورد لـــە دەرەوەی وڵات.

* ئەمڕۆ جیهان بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە بووەتە گوندێکی بچووك. جاران لە مانگی بەفرانباردا دوو گونـــدی کوردستان بۆ ماوەی مانگێك یان زۆرتر ئاگایان لە دەنگوباسی یەکتر نەدەبوو. بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی دیاردەی جیهانگیرییـــەوە مرۆڤایەتی بەتەواوەتی ئاگاداری هەموو گۆڕانکارییەکانە.

پێویستە پارتی نەتەوەیی هەلی جیـــهانگیری لەدەســـت نەدات و بەهۆیەوە باشتر کێشـــەی کـــورد بـــە مرۆڤایـــەتی بناسێنێت.

* هـــاوبیرە بـــەڕێزەکانم.. چارەســـەرکردنی ئـــــەو پەرتپەرتی و پاشاگەردانییەی کوردستان و کورد هـــــەر بـــە شۆڕشی ڕەوشت و بیری چاك و گووفتاری چاك و کرداری چاك دێتەدی, کە ئەویش هەردەبێت پارتێکی نەتەوەیی پێـــــی هەڵبستێت.

هەموو ئەو ڕا و تێبینییانەی کە بـــــەرچاوتان کـــەوتن زادەی چەند ساڵ کارکردنمن لە نێو پاسوّکدا و ئەمە جگە لـــەو گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوانەی کە لەگەڵ هاوبیران و ڕووناکبیراندا لەسەر کێشەی ڕەوای نەتەوەکەمان بەئەنجاممداوە..

من ناڵێم هەموو ئەوانەی کە گووتران دەبێت پیت بـــــە پیت خۆتانی پێببەستنەوە, لەوانەیە هـــەندێکیان بـــاش بـــن و هەندێکی تریان خراپ. بەڵام دەڵێم مرۆڤ یان کارنەکات, یان کەکردی بەرێکوپێکی بەئەنجامی بگەیەنێت. ئەگـــەر دەتوانـــن پارتێکی نەتەوەیی بەرێکوپێکی بهێننە بوون و باوەڕتـــان بـــە

دەستەلاتگرتن هەیە, ئەوا کارێکی زۆر مەزنە. ئەگەریش نـــا ئــەوا تەنــها سیاســەتکردن کوردایــەتی نییـــــە, بـــەڵکو خۆپەروەردەکردن و نووسین و وەرگێڕانیش هەر کوردایەتییە, ئەگەر ئەویش نەبوو, بیرکردنەوەی باش و قســەی جــوان و کرداری بەکەڵك و خیانەت نەکردنیش هــــەر کوردایەتییـــە, پێکهێنانی خــــێزانێك و پــەروەردەکردنی چــەند منداڵێکـــی ڕێکوپێك کە لە دواڕۆژدا سوودێك بگەیەننــــە نەتەوەکــەیان ئەویش هەر کوردایەتییە..

بوونی پارتی نەتەوەیی هەرچەندە لەم هەنگامەی ئێستێدا کارێکی زۆر پێویستە, بەلام ئەگەر ئەو پارتە وەك ئەوە نەبوو کە چاوەڕوان دەکرێت! دەبێتــــە هــۆی نــائومێدیی هــەموو هاوبیران و بەزیانی بیری کوردایەتی دەشکێتەوە و هەر هیــوا و نیازی ڕێکخراوێکی نەتەوەییش کە لە بیرکردنەوەی چـــەند هاوبیرێکی تردا هەبێت دەکوژێنێتەوە.

کەواتە (یان هیچ شتێك.. یان کاری ڕێکوپێك)..
لەگەڵ ڕێزمدا.. هەربژین.. بۆ کورد..

هاوڕێ باخەوان
١٩٩٤ ٢٠٠١

# لەبڵاوکراوەکانی دانەر

## پەڕتووک

* لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ی باشووری کوردستان – چاپی یەکەم – هۆڵندا – ١٩٩٤.
* پڕۆژەی پارتی نەتەوەیی کورد – چاپی یەکەم – هۆڵندا – ١٩٩٤ . چاپی دووەم – هۆلندا – ١٩٩٥.
* کوردستان... نیشتمانی یەکەمینی سۆمەرییەکانە – چاپی یەکەم – هۆڵندا – ١٩٩٦.
* هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم – چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – ١٩٩٩.
* ئاڵای کورد – چاپی یەکەم – دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – سلێمانی – ٢٠٠١.

## کورتە لێکۆڵینەوە و وتار

* بەسەرکردنەوەی پێشمەرگەیەکی کۆن – گۆڤاری دلانپار – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – ژمارە (٣ و ٤) – فینلاند –٢٥–١٢–١٩٩٥.
* داگیرکردنی ڕێکخراوە کلتوورییەکان – گۆڤاری دلانپار – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیری نیشتمانی کوردستان – ژمارە ٢, خولی شەشەم, ساڵی دەیەم – فینلاند – ٢٥–٠٦–١٩٩٦.

* دەربارەی ڕای گشتیی کوردی (وتار) – نووسینی: هەژار کامەلا –وەرگێڕانی لە عارەبییەوە: هاوڕێ باخەوان – گۆڤاری هەڤوت – ژمارە ١١– سێپتەمبەری ١٩٩٦ – سویسرا.
* نێوانی یەکێتی و پارتی, دوژمنایەتیی ڕاستینە و ئاشتیی درۆیینەیە! –گۆڤاری هەڤوت – ژمارە ١٢ – دیسەمبەری ١٩٩٦ – سویسرا.
* لێدوانیك دەربارەی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی باشووری کوردستان –گۆڤاری هەڤوت – ژمارە ١٣ – ئاپریلی ١٩٩٧ – سویسرا.
* بروسکەی شەرمەزاری – مانگنامەی هەتاو – ژمارە ١٣ و ١٤ – ژونی ١٩٩٧– لەندەن.
* ڕوونکردنەوەیەك لەسەر ئەنسیکلۆپیدیای مێژووی کوردستان و کورد –گۆڤاری هەڤوت – ژمارە ١٤ – ئۆگەستی ١٩٩٧ – سویسرا. (ئەم وتارە بۆ دووەمجار لە گۆڤاری ڕاماندا بلاوکراوەتەوە – ژمارە ١٨ – مانگەنامەیەکی ڕۆشنبیریی گشتییە – دەزگای گولان دریدەکات – ٥-١٢-١٩٩٧ – هەولێر.
* مێژوو بۆ فرۆشتن – گۆڤاری دلانپار – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیریی نیشتمانیی کوردستان – ژمارە ٢, خولی هەفتەم – فینلاند – ١٩٩٧.
* ڕۆلی پارتی ئۆپۆزیسیۆن لە ڕووداوەکانی باشووری کوردستاندا – گۆڤاری هەڤوت – ژمارە ١٥ – فێبریوەریی ١٩٩٨ – سویسرا.
* العوسج او انجه ممند (بە زمانی عەرەبی) – ڕۆژنامەی ئەلحەیات – لەندەن – ژمارە ١٢٧٥١ – ٢٩-٠١-١٩٩٨. هەروەها ئەم وتارە لە ژمارە ٨٦٣ی ڕۆژنامەی (خەبات)ی ئۆرگانی پارتی لە ٢٠-٠٢-١٩٩٨دا لە هەولێر بە

زمانی عەرەبی و کۆمینتـــارێکی خـــەبات خـــۆی دووبـــارە بڵاوکراوەتەوە.
* گورگە بۆر بوو بە تاوانبار لە میدیای هۆڵـــەندیدا – ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)ی ئۆرگانی حیزبی زەحمەتکێشـــانی کوردستان – ژمارە ٢٦٦ – دووشـــەممە ١٦-٠٣-١٩٩٨ – کوردستان – سلیمانی.
* گرفتی کورد, گرفتی ڕووناکبیرانێتی – ئاڵای ئازادی – ژمارە ٢٦٧ – ٣٠-٠٣-٩٩٨ – سلێمانی. (ئەم وتارە بـــۆ دووەمجار لە گۆڤاری هەڤوتدا بڵاوکراوەتەوە – ژمـارە ١٦ – سویسرا – ژونی ١٩٩٨).
* ئاڵەکۆکێک بۆ گڵکۆی (ڕەهبـــەر جـــەلال مامـــەش) سەربازی ونی هونەر و وشەی کوردی – ئاڵای ئـــازادی – ژمارە ٢٧٤ – ٢٢-٠٦-١٩٩٨ – سلێمانی. . (ئەم وتارە بـۆ دووەمجار لە گۆڤاری هەڤوتدا بڵاوکراوەتەوە – ژمـارە ١٧ – سویسرا – ئۆگەستی ١٩٩٨.
* لۆبیی کورد – گۆڤاری زوروان – ژمارە ســـفر – گۆڤارێکی تیۆری – کلتوورییە – مەڵبەندی کلتووریی کورد لە دەنهاخ دەریدەکات – ساڵی یەکەم – هۆڵندا – ١٩٩٨.
* بەهای مێژوویی یاداشت و بـــیرەوەری نووســـین – گۆڤاری سیمرغ – ژمـــارە ٦ – ســـاڵی ١٩٩٩ – لیوڤـــن – بەلژیک.
* چارەنووســـی PKK لـــە باشـــووری کوردســـتان و ڕێکەوتنی ئەم دواییەی پارتی و یەکێتی – هەڤوت – ژمـــارە ١٨ – ئەپریلی ١٩٩٩.
* ئایا ئنتەرنێت سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوە – گۆڤاری هەڤوت – ژمارە ٢١ – مایی ٢٠٠٠.

* هەڤپەیڤینێك لەگەڵ هاوڕێ باخەوان – ئامـادەكردنی ئاكۆ محەممەد – بەشی یەكەم – ڕۆژنامەی میدیا – ژمـارە ۹۰ – ۲۱–۳–۲۰۰۱ – هەولێر – كوردستان.

* ڕەوشی پەناهاندەی كورد لە هۆڵنـدا – ڕۆژنامـەی میدیا – ژمارە ۹۱ – ۱–٤–۲۰۰۱ – هەولێر – كوردستان.

* هەڤپەیڤینێك لەگەڵ هاوڕێ باخەوان – ئامـادەكردنی ئاكۆ محەممەد – بەشی دووەم – ڕۆژنامەی میدیا – ژمـارە ۹۱ – ۱–٤–۲۰۰۱ – هەولێر – كوردستان.

* تووڕەیی كورد لە هەندەران (خۆپیشاندانەكەی لاهای) – ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە ۹۲ – ۱۵–٤–۲۰۰۱ – هەولێر – كوردستان.

* تیرۆری سیاسی – ڕۆژنامەی میدیا – ژمـارە ۹۸ – ۱٦–۰٦–۲۰۰۱ – هەولێر – كوردستان.

* هێزكاری وەستانی شەڕ بەسەر ئابووریی توركیـاوە – ڕۆژنامەی میدیـا – ژمـارە ۱۰۳ – ۱۵–۰۸–۲۰۰۱ – هەولێر – كوردستان.

* زماوەندێك لە هەندەران – ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە ۱۰٤ – ۰۱–۰۹–۲۰۰۱ – هەولێر – كوردستان.

* وێنەكانی تاوانبـاری ئـەنفال.. لـە خۆپیشـاندانی فەلەستینییەكاندا! – ڕۆژنامەی ئەلحەیات – بەزمانی عـەرەبی – ژمارە ١٤٠٥٦ – ڕۆژی ۰۹–۰۹–۲۰۰۱ – لەندەن.

* چۆن كۆیانبكەمەوە؟ - !ئالای ئازادی - ژمارە ٤۳۳ -۲٤-۰۹-۲۰۰۱ - كوردستان - سلێمانی.

* ڕۆژی شۆڕش ..ڕۆژی تیرۆر - ڕۆژنامەی میدیا- ژمارە ۱۰۸ - ۱۵-۱۰-۲۰۰۱ - هەولێر - كوردستان.

* دەستی بەخوێنی نەزار خەزرەجی بـە (كەسـایەتییە عێراقییەكان) ناشاردرێتەوە – ڕۆژنامەی میدیا – ژمارە ۱۱۰ – ۱۵–۱۱–۲۰۰۱ – هەولێر – كوردستان. (تێبینـی: ئـەم

وتارە بەزمانی عەربی نووسرا و نـــێردرا بـــۆ ڕۆژنامـــەی ((الزمان))ی عەرەبی, بەلاّم بلاّویـــان نـــەکردەوە . تێکســـتە کوردییەکە لەلایەن کاك ئاکۆ گەردییـــەوە لـــە عەرەبییـــەوە وەرگێڕدراوە). تێکستە عەرەبییەکەی لە (ڕۆژنامەی میدیـــا – ژمارە ١١٢ – ١٥-١١-٢٠٠١ – هەولێر – کوردســـتان)دا بلاّوکراوەتەوە.

تێبینی:

دەتوانن زۆربەی نووســـنەکانی نووســـەر لـــە وێبـــی باخەوانەوە بەهۆی بەرنامەی ئەکرۆبات ڕیدەرەوە بخوێننەوە:

**http://www.bakhawan.com**

**بوونی پارتی نەتەوەیی هەرچەندە لەم هەنگامەی ئیستێدا کارێکی زۆر پێویستە، بەڵام ئەگەر ئەو پارتە وەك ئەوە نەبوو کە چاوەڕوان دەکرێت! دەبێتە هۆی نائومێدیی هەموو هاوبیران و بەزیانی بیری کوردایەتی دەشکێتەوە و هەر هیوا و نیازی رێکخراوێکی نەتەوەییش کە لە بیرکردنەوەی چەند هاوبیرێکی تردا هەبێت دەکوژێنێتەوە.**

**کەواتە (یان هیچ شتێك..**
**یان کاری رێکوپێك)..**

بوونی پارتی نەتەوەیی هەرچەندە
لەم هەنگامەی ئێستێدا کارێکی زۆر
پێویستە، بەڵام ئەگەر ئەو پارتە وەک
ئەوە نەبوو کە چاوەڕوان دەکرێت!
دەبێتە هۆی نائومێدیی هەموو هاوبیران و
بەزیانی بیری کوردایەتی دەشکێتەوەو
هەر هیواو نیازی ڕێکخراوێکی نەتەوەییش
کە لەبیرکردنەوەی چەند هاوبیرێکی
تردا هەبێت دەکوژێنێتەوە.

کەواتە
(یان هیچ شتێک.. یان کاری ڕێکوپێک)..